# دیدێکی ئیسلامی نوێ

# بۆ

# جیهادو توندوتیژی و خەلافەتو وەلاء و بەراء

نوسینی: پڕفیسۆر. د. عەلی قەرەداغی

وەرگێڕانی: زانا ناجی

کارنامەی ئەمینداریی گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان

پ.د.عەلی محیّدین قەرەداغی

لەکۆنگرەی زانایانی مسوڵمان لە مۆسکۆ لە ڕۆژانی 25-2012/5/28

بەرهەمی نوسینگەی راگەیاندنی

پڕۆفیسۆر. د. عەلی قەرەداغی

بسم الله الرحمن الرحيم


ناوی کتێب: جیهادو توندوتیژی و خەلافەتو وەلاءو بەراء

نوسەر: پرۆفیسۆر.د. عەلی محێدین قەرەداغی

وەرگێڕانی: زانا ناجی

پێداچونەوەی: عومەر عەلی محمد

سەرپەرشتیاری کتێب: ئەحمەد میراودەلی

چاپی یەکەم: زستانی2013

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

تیراژ: 1000

بەرگ: فەرهاد فایەق

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (1114)ی ساڵی( 2013) پێدراوە**

**پێشەکی:**

لەدوای سوپاس و ستایشی خوای گەورەو سلاّو میهرەبانی خوا بۆ سەرگیانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾و هاوەڵ و شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

بابەتەکانی جیهاد و توندوتیژی و خەلافەت و وەلاء وبەراءو زۆر بابەتو چەمکی ئیسلامی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جێگەی قسەلەسەرکردن و توێژینەوەی زانستین، چونکە زۆرکات لە ڕووی نەزانیو کەمدەستی زانستیەوە تەفسیری هەڵەو تێگەیشتنی نا زانستیان بۆ دەکرێت، لەبەرامبەریشدا کەسانی دژ ئەو لێکدانەوە هەڵانە دەکەن بەبار بەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بۆیە زۆر جێگەی خۆیەتی کە کەسانی پسپۆڕو بەتوانای بواری زانستە ئیسلامیەکان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەو بوارانەدا بکەنو زیاتر بەرچاوی لاوان و مسوڵمانان ڕوون بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تێگەیشتنی هەڵەوە نەکەونە کاری ناڕەواو نابەجێوە، ئەم نووسینەی دکتۆر عەلی قەرەداغی یەکێکە لەو هەوڵانە بەو ڕێگەدا، بەڕاستی نوسەری بەڕێز چەند چەمکێکی زۆر گرنگ و هەستیاری هەڵبژاردووەو بەشێوەیەکی زانستی قسەی لەسەر کردوون.

ئەم چەمکانە زۆر گرنگو هەستیارنو جێگەی ئیشکالیەت و تەفسیری جیاوازن بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، خۆزگە خەڵکانی پسپۆڕی وەك جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی لێکۆڵینەوەی زانستی زۆریان لەم بوارەدا دەکردو دەکرا ئەم نوسینەی نوسەریش درێژترو قوڵتر بوایەو هەر

یەکێك لەم چەمکانە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی لەبارەوە بکردایە، کە هەر یەکێکیان قسەی زیاتر و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی درێژتر هەیە بەو هیوایەی ئەم هەنگاوەی قەرەداغی لێکۆڵینەوەی درێژترو چڕوپڕتری بەدوابێت، ئێمەیش هەرلەبەر گرنگی بابەتەکەو پێگەی زانستی نوسەرەکەی زۆر بەپێویستمان زانی بکرێتە کوردی و خوێنەری کوردی پێ ئاشنا بکەین.

د. ئاراس محمد صالح
مامۆستای زانستە
ئیسلامیەکان
لەزانکۆی سلێمانی

## ئەم کتێبە بۆچی؟

یەکێك لەمەتر سیدارترین دیاردە کانی ناو بزافی ئیسلامی بریتی بوو لەسەرهەڵدانی دیاردەی توندڕەوی و ئیرهاب، کەئەمەش لەلایەك وێنەیەکی ناشرینی بۆ ئیسلام دروست کردو دوژمنانی ئیسلام کردیانە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی مسوڵمانان بەتوندڕەوو ئیسلامیش بەئاینێکی بەرهەم هێنەری تیرۆر لەقەڵەم بدەن، بەشێك لەگەنجانی ئیسلامی بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە رویان کردە دروست کردنی گروپی توندڕەوو بەم شێوازە بەرەو رووی دەسەڵاتە ستەمکارە عەلمانیەکان بوونەوە، ئەگەر سەیری پێکهاتەو دروست بوونی ئەم گروپانە بکەین زۆربەیان بەهۆی دەست گرتنێکی رووکەشانە بەدەقەکان و لاوازیان لەتێگەیشتنی مەعریفی و زانستیانە لە ئیسلام ئەم گروپانەیان دروست کردوەو پشتیوانیان لێ کردون.

ئەم شێوازەی کەگروپە توندڕەوەکان گرتیانە بەر سەلماندیان نەزیان بەدەسەڵات دەگەیەنن ، نەلە ئەم رێگەیەوە ئیسلام سەردەکەوێت، نەرۆژئاواش بەم رێگایە زیانمەند دەبێت.

پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی وەك زانایەکی شارەزا لەبواری فیکری ئیسلامیو بزاڤە ئیسلامیەکان و لەئێستاشدا وەك ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان، بەردەوام لەخەمی ئەوەدا بووە، کەکۆمەڵەو پارتە ئیسلامیەکان لەسەر هێڵێکی میانڕەوی کراوە بەرووی گۆڕانکارییە نوێیەکانی جیهان و مەدەنیەتو شارستانیەت کاربکەن، هەتا لەم رێگەیەوە بتوانن جوانترین وێنە بۆ ئیسلام دروست بکەن و سیاسەت وەك رێگایەکی خزمەت کردن پیادە

بکەن و ئاینیش وەك میتۆدێکی زانستی بۆ چارەسەری کێشەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان دکتۆر عەلی قەرەداغی لەمۆسکۆ لەرۆژانی 25-2012/5/28 وەك کارنامەیەك پێشکەشی کرد، کۆنگرەکە بەبەشداری ژمارەیەك لەزانایان و رۆشنبیرانی ئیسلامی بەڕێوە چوو کەبەشێك لەوانەش لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوون، .

لەم وڵاتە ئیسلامیانەدا لەئێستادا دیاردەیەك لەئارادایە لەنێوان گەنجاندا کەئەویش دروست کردنی گروپە چەکدارەکانە بەم هۆیەشەوە جۆرێك لەتوندوتیژی لەنێوان دەوڵەتەکانو بەشێك لەئیسلامیەکانو کۆمەڵگە مسوڵمانەکە دروست بووە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لەم ناوچەیەدا ئەم کۆنگریە لەمۆسکۆ بەسترا، کارنامەکە جەخت لەسەر تێگەیشتنێکی نوێ بۆ چەمکەکانی(ئیرهاب و توندوتیژی و جیهادو خەلافەت و وەلاو و بەراو)دەکاتەوە، چونکە بەهۆی تێگەیشتنی هەڵە لەم چەمکانە ئەم گروپە چەکداریانە دروست بون و وا دەزانن بەم رێگەیە دەتوانن خزمەت بەئیسلام بکەن.

دکتۆر عەلی قەرەداغی بەشێوەیەکی زانستی و بەهێنانەوەی بەڵگە لەقورئانو سوننەت خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەم چەمکانە دەکات، بەشێوەیەك کەلەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو و شارستانیەتو مەدەنیەتی ئێستا بگونجێتو مرۆڤی مسوڵمانیش ببێتە کەسایەتیەکی میانڕەوی لێبوردەی ئازادیخوازاو دادپەروەر، چونکە تەنها لەم رێگەوەیە کەگەنجانی مسوڵمان دەتوانن خزمەت بەئاینەکەیان بکەنو ئەم ئاینەش وەك لەچەمکی ئایەتەکەدا باس کراوە ببێتە مایەی سۆزو بەزەیی بۆ هەموو جیهانو ئیسلامیش ببێتە ئاینی هەموو گەلانو لەژێر سایەیدا

هەست بەئاسودەییو چەسپاندنی مافەکانیانو فەراهەم هێنانی ئازادیە تایبەتیو گشتیەکان بکەن.

عومەر عەلی محمد

شوباتی 2013

## ئیسلام خێرو بەزەییو چارەسەرە بۆ مرۆڤایەتی:

خوای گەورە ویستی وابووە کە کۆتا ئایینی کە ئیسلامە ببێتە پشتگیرو بەڕاست دانانی هەموو کتێبە ئاسمانیەکانی تر وەك تەورات و ئینجیل و ئەوانی تر، وە ببێتە خێر و دادگەری بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی وەك خوای گەورە دەفەرموێت:( **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ** ) **سورة الانبياء الاية** 107. هەروەها دەفەرموێت: ( **وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا مَاذَا أَنْزَلَ رَبُّكُمْ قَالُوا خَيْرًا** ) **سورة النحل الآية** 30. بێگومان خودا قورئانی بۆ تیماری دڵە نەخۆشەکانو چارەسەری دەروونو لەنگەر گرتنی بەها بەرزو پیرۆزەکانو سەرباری چەسپاندنی مافی مرۆڤ و رێز لێگرتنی نازڵ کردووە وەك خۆی دەفەرموێت ( **وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا** ) **سورة الإسراء** 70 )، خودای مەزن ناهەمواریو ئازارو نارەحەتی لەم دینەدا نەسازاندووە، وەك دەفەرموێت( **وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ**

**وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ**)سورة الحج 78)
هەروەها دەفەرموێت: (.. **فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**) سورة البقرة 185).

بەڵگەو گەواهی لە قورئانو سوننەت ئەوەندە زۆرە لەژمارە نایەن کە" ئەم ئیسلامە بۆ خۆشبەختی مرۆڤ لەهەردوو دونیاو هێنانە کایەی پێکەوەژیانو هاریکاری یەکدی لەسەر خێرو چاکەو خوداپەرستیو بەخشینی ئاسایشی دەرونیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕامیاریو ئاشتیو پێکەوە ژیانی کۆی جیهان هاتووە".

هەربۆیە ووشەی "الأيمان" کەلە "الأمن" وە وەرگیراوەو هەڵبژێراوە تا ببێتە بنەمای ئەم ئایینەو ووشەی "الإسلام" کەلە "سلم"وە وەرگیراوە تا ببێتە بەشی بنەڕەتی دووەمی ئەم ئایینەو ووشەی " الإحسان" کە لە "إحسان"وە بەرەهایی وەرگیراوەو بەواتای:(چاکە خوازیو چاکویستنو قازانج گەیاندن بەخەڵکیو تەنانەت بەگیاندارانو ژینگەیش) دێت بۆ ئەوەیە تاوەکوو ببێتە بەشی تەواوکەری ئەم دینە.

شتێکی بەڵگە نەویستە کە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام بە کۆدەنگی زانایان دان دەنێت بە پاراستنی مافو بەرژەوەندیەکانی مرۆڤو پێنج پێویستیەکانی مرۆڤ کە لە (دینو نەفسو"النفس" عەقڵ"و ماڵو وەچە) پێك هاتووە، تەنانەت پێداگری دەکات لەسەر قازانج گەیاندن بە مرۆڤو دوورکەوتنەوە لە خراپەو تاوان.

## ئەم کارنامەیە بۆ؟

ئەم ئاینە بە پەیامە بەسۆزەکەی، پڕ چێژو چاکەیە بەئایەتەکانی سوود گەیەنەرە لەجێبەجێ کردنیدا، بەپێشەنگ بوونی بەو کردەوانەی کەپێغەمبەری خوا کردویەتی تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانیشیدا، بەجوانیو پڕشنگداری بووە کە ئێستا دەیانەوێت ناشرینی بکەن، بەژیاننامە بۆندارەکەی کە دەیانەوێت بیشێوێنن، نەفامەکان دەیانەوێت بە توندوتیژو توندڕەو لە قەڵەمی بدەن، یاخوود ئاکارو و رەفتاری کەمینەیەك لە مسوڵمانان کە توندو تیژی بەکاردەهێننو رۆژانە لەژێر درووشمی (الجهاد) - ئەو ووشە جوانەی کە لە (الجهد)ەوە وەرگیراوەو بەواتای هەوڵو کۆشش دێتو ئەویش لە(الإجتهاد)ەوە وەرگیراوە، کەمەبەست لێی ئەوپەڕی هەوڵو توانا خستنە گەڕ بە(ماڵو دەروونو ڕاگەیاندنو گووتار ...) - چەندین تەقینەوە دژی خەڵکی بێدەرەتانو بێتاوان ئەنجام بدەن کە گومانی تێدا نییە ئەم رەفتارەی ئەوان زۆر یارمەتی نەیاران دەدات تا ئیسلام و شوێنکەوتوانی بە توندو تیژ

لەقەڵەم بدەن، بێگومان جەنگ‌و شەڕکردن تەنها بۆ پاراستنی مافی چەوساوان‌و بێدەرەتان‌و بەشخوراوانە سەرەڕای دوورخستنەوەی داگیرکەران‌و دەستدرێژیکەران‌و قەدەغەو یاساغکردنی زوڵم‌و ستەمە لەجیهان‌و پاراستنی ئازادی ئایینەکان‌و ئەنجامدانی عیبادەتە بەو چەشنەی خودای میهرەبان لەیەکەم ئایەتی قیتالدا ناردویەتی.

وەك دەفەرموێت: ﴿**إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ * أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ**﴾ سورة **الحج** 38-39).

لەم ئایەتەدا زۆر بەروونی ووشەی جیهادی بۆ بنبڕکردنی ستەم‌و فەراهەمهێنانی ئازادی پەرستش‌و پارێزگاری لە عیبادەت‌و پەرستشەکان بەکارهێناوە کە هەریەك لەپەرستگاکانی ( گاوورو جوو مسوڵمانان‌و ئاینزاکانی دیکەش دەگرێتەوە).

بەڵام بەداخ‌و کەسەرێکی زۆرەوە لەم سەردەمەی ئێمەدا هەندێك لەوانەی کە بانگەشەی زانست‌و زانیاری دەکەن فەتوای ئەوە دەدەن کە تەقینەوەو لەناوبردنی خەڵکی دروست‌و ڕێگەپێدراوەو ئەوانەشی کە نەیارن لەبەرامبەر ئەو بۆچوون‌و فەتوایەی ئەواندا، پشتیان تێدەکەن‌و بەبێباوەڕو دەرچوو لەسنوری ئیسلام لەقەڵەمیان دەدەن.

کەوابوو ئەو فەتوادەرانەی لە بێباوەڕکردنی خەڵکانەوە بۆ تەقاندنەوەو لەهەندێ بەڵگەی لاوەکیەوە بۆهەندێ مەبەستی شەریعەت‌و لەبیانووی قەبوڵنەکراوەوە بۆدەستگرتن بەسەر کۆی ئامانج‌و مەبەستەکانی

ئیسلامداو لەهەندێ بۆچوونی توندەوە بۆ دەمارگیری ڕێدەگرنەبەر ...بەپێی گوتەزای پێشەوا شافیعیو زانایانی دیکە لەخولگەی زانایان دەردەچن با زانستو زانیاریشیان هەبێت.

لەبەردەم ئەم واقیعە بەئازارەی کە دوژمنانی ئیسلامو نەزانەکانو بەتایبەت زیادەڕەوەکان (المتطرفون) قۆزتویانەتەوە بۆ ناشیرین کردنی وێنەی ئیسلامو مسوڵمانان بەرادەیەك دروشمی ترس لەئیسلامیان (ئیسلامۆفۆبیا) لێناوەو بەهۆیەوە هەندێ لەکەمینە مسوڵمانەکانیش لەو وڵاتانەدا دەردەکەن.. لەم کاتو ساتەدا پێویستەلەسەر زانایانی ئەم ئوممەتە هەڵوێستێکی روونو بیرێکی تیژو ڕوناکیان هەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەم کارنامەیەم پێشکەش کردووە کەلە توێژینەوەو بۆچوونو بڕیاری کۆڕی فیقهیو فەتوای زۆرێك لەزانایانی جیهانی ئیسلامی پێکهاتووەو کۆمەڵێك لەو زانایانەی کەلە کۆنگرەی مۆسکۆ بەسەرپەرشتی وەزارەتی ئەوقافو کاروباریی ئایینی کوێتو یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان ئامادەگیان هەبوو هەڵیان چنیووە.

ئەم کارنامەیە بۆ هەموو مسوڵمانانی جیهان بەگشتییە، بەڵام دەمانەوێ بەچەشنێکی تایبەتی دایبڕین بەسەر ناوچەی "قەوقاز"و کۆی ئەو ناوچانەی کەلەنێوەندی "روسیا"دا ژیان دەگوزەرێننو مرۆڤ دەتوانێ بەئازادانەو بەپێی پێویستی قسەی تێدا بکاتو بەشێوەیەکی شەرعیو دوور لەهەموو جیاوازییەکی فیقهی (الخلافات الفقهية) لەهەندێ شوێنو ڕووداوی تازەدا بۆچوونو رای لەسەر بدات، ئەویش دواجار

پێویسته پشت بەبەڵگەی  قورئانو سوننەتو راو بڕیاری زانایانی کۆڕی فیقهی ببەستێت، بەرادەیەك کارنامەکە ئامانجی یەکریزیو یەکهەڵویستیەو ئەویش لەڕێگەی چەند بنەماو یاساو حوکمێکی بنەڕەتیو گشتیەوە دەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی شەرعی کاری ئیسلامی هاچەرخ لە"ڕوسیا"و شوێنەکانی دیکەدا کەبێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فەتوای ئەو زانایانەی کە بەناوبانگنو بەبێلایەنو دوور لەهەموو لایەنگیریو بەرژەوەندی ئایینی ناسراوونو تەنها چاکەو خێرو بێری جیهانو ناوچەکە نەبێت بەتایبەتی هیچی دیکەیان مەبەست نییەو دەیانەوێت نێوەندگیری بکەن لەنێوان مسوڵمانانداا، خودای بەمیهر دەفەرموێت: (**وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ**) **سورة البقرة** 143).

# بابەتی یەکەم

## چەمکی جیهادو ئایەتی شمشێر

وشەی (الجهاد) لە ڕووی ووشەو بەڵگەو بەیان‌و بڵاوکردنەوەی قورئانەوە لەسەردەمی مەککەدا بەربڵاو بووە تا ئەوڕادەیەی قورئان ناوی لێناوە ( الجهاد الکبیر) خودای بەمیهر دەفەرموێت (**فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا** )**سورة الفرقان** 52، ووشەی جیهاد بەواتای جیهادی دەروون‌و ئارەزوات‌و شەیتان دێت، کەمەبەست لەجیهادی نەفس واتە" پاکردنەوەی دەروون لەهەموو نەنگی‌و خراپەیەك" پاش ئەوە یەکەم ئایەتی جیهاد هاتە خوارەوە بۆ خۆپارێزی لەستەم‌و مافدان بەبەرامبەر و ئازادی خودا پەرستی، بێگومان چەندین ئایەت لەبارەی جیهاد بەشێوەیەکی گشتی‌و لەبارەی جەنگ‌و قیتال بەشێوەیەکی تایبەتی هاتە خوارەوە، بەڵام هەندێ پێیان وایە کە ئایەتی شمشێر (140) ئایەتی لەئایەتەکانی لێبوردەیی‌و ئاشتەوایەتی

نەسخ کردۆتەوە، بەڵام زۆرینەی زانایانی ئیسلام ئەو ڕایە بەرپەرچ دەدەنەوەو بەنادرووستی دەزانن، چونکە نەسخ لای زانایانی پێشینە جودایە لە زانایانی دوایینە، گەر وادابنرێ نەسخ واتە " لابردنی حوکمێك بەبوونی حوکمێکی دیکە" ئەوا زانایان یەکدەنگن لەوەدا کە" ئەوە تەنها بەچەندین بەڵگەی ڕوونو دیارو ئاشکرا دەستنیشان دەکرێن چونکە ئەگەر نەسخ نەبێت کۆکرنەوە لەنێوان دوو بەڵگەو گەواهی ناکۆکدا گونجاو نییە"، سەرباری ئەوەی کە باسمان کرد هەندێ لە ڕاڤەکەرانو زانایان پێیان وایە" کە ووشەی نەسخ لەقورئانی پیرۆزدا بەواتای نەسخ لەحوکمی شەریعەتە پێشوەکانە" خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾**الأعراف**157 خودای گەورە لەم ئایەتەدا بەشێوەیەك روونی کردۆتەوە کە ئیسلام شتە پاکەکانی حەڵاڵ کردوەو شتە پیسەکانی لێ یاساغو قەدەغە کردوونو ئەو حوکمە توندانەی کەبەسەر نەوەی ئسرائیلدا بەهۆی ستەمو زیادەڕۆیان سەپێندرابوو نەسخکردەوە.

هەرچۆنێك بێت ئەوزانایانەی کەرایان وایە ئایەتی شمشێر ئەو (140)ئایەتەی نەسخ کردۆتەوە، دوو ڕایان لەدیاری کردنیدا هەیە کە دەڵێن: ئایەتی ﴿فَإِذَا انسَلَخَ الأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ

**وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾التوبة5** ، بەلاّم ئەم ئایەتە باسی کوشتنی هاوبەشدانەران (المشرکون) دەکاتو زاراوەیەکی تایبەتەو لەتەنیشت ئەهلی کیتابو موسوڵمانان حیسابی بۆدەکرێت، تەنانەت کۆی بەڵگەکان لەسەر ئەوەن کە: ئەوە موشریکەکان بوون کە پێغەمبەری خۆشەویستیان﴿ﷺ﴾ئازارداو شاربەدەریان کردو هەوڵیاندا کە دەست بەسەر ئیسلامدا بگرنو پارچە پارچەو بەش بەشیکەن کە ئەم ئایەتە پاش ئایەتی ﴿**بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ * فَسِيحُواْ فِي الأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّهِ وَأَنَّ اللّهَ مُخْزِي الْكَافِرِينَ * وَأَذَانٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ أَنَّ اللّهَ بَرِيءٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللّهِ وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئاً وَلَمْ يُظَاهِرُواْ عَلَيْكُمْ أَحَداً فَأَتِمُّواْ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾التوبة1-4** دێت. کەوابوو ئەم ئایەتە بۆ ئەو موشریکانەی عەرەب هاتۆتە خوارەوە کە ئازاری پێغەمبەرو﴿ﷺ﴾هاوەڵانیان (خوایان لێ ڕازیبێت) دەداو دەیانویست ئیسلام پەرشو بڵاوە پێبکەنو چەندین جەنگی خوێناویو پیلانیان گێڕا لەو پێناوەداو زۆر جاریش پەیمانیان داو هەڵیان وەشاندەوە، وێرای هەموو ئەمانەش ئەوانە بەجەنگاوەرێك حیسابیان لەتەك دەکرێت کە جەنگیان لەگەڵ خواو پەیامبەر﴿ﷺ﴾ ئەنجام دابێتو بووبن بەهەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلام.

هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە ئایەتی شمشێر:.. **وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً** .[1]...**التوبة**36 دووبارە ئەم ئایەتەش لەجەنگ کردنی ئەو موشریکە بت پەرستانە هاتووەتە خوارەوە کە جەنگیان لەگەڵ پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾بەرپا کرد لەنیمچە دوورگەی عەربیدا، بەو چەشنەی بەشی دووەمی ئایەتەکە ڕاڤەی دەکات کە بێگومان ئەوە دەگەیەنێ کەئەم جەنگکردنە بۆ بەرگرییەو هیچیتر، ئیمە بەگشتی دەجەنگین لەگەڵیاندا، چونکە ئەوانیش بەگشتی لەگەڵماندا جەنگاوون، هەروەها ئایەتەکە بەرگریکردن لە پاراستنی دەروون دەگەیەنێ وەك ئیبنو عەباس دەفەرموێت:" ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مسوڵمانان یەکبنو هۆگری یەکدی بن، چونکە موشریکەکان بە یەکگرتوویی دەجەنگن لەتەکیاندا( الکبری 14/242).

مەبەستیش لەم نمایيشە خێرایە ئەوەیە کە بۆمان دەرکەوت لە قورئانی پیرۆزو سوننەدا دەقێکی درووستو راستەوخۆنییە کە واتای ئایەتی شمشێر بگەیەنێو چەندین ئایەتی دیکەی نەسخکردبێتەوە کەوا لەبواری ئازادی دینو زۆر نەکردن لەخەڵکی لە هەڵبژاردنی ئایینو باوەڕی خۆیاندا بەچەشنی ئایەتی( لا إکراه فی الدین)، بێگومان ئاشتەواییو پێکەوە ژیانی دادپەروەرانە بنەمای کۆی پەیوەندییە

---

[1] کافە: حالە لە واوەکە نەك لە (المشرکین) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەرکەس دەستدرێژی کردە سەرت ئەو کات تۆش جەنگی لەگەڵا بەرپا بکە. وا ـتە:" ئـیوە پێ ـشا دەستپێ ـشخەری مەکەن. بەڵام د. علی قەرەداغی پێی وایە کە حالە لە ( المشرکین). وەرگێر

ئیسلامیەکانە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا، بۆ زانیاری زیاتر دەتوانریٚ تەماشای هەریەکە لەم سەرچاوانە بکریٚت: (الجهاد) د. یوسف القرضاوی، النسخ فی القرآن د. مصطفی زید، وە پەرتووکی: النسخ فی القرآن، د.مصطفی زلمي، پەرتووکی ( نحن والآخر) د. عەلی قەرەداغی. توێژینەوەیەکی بنەڕەتییە کە باس لە پەیوەندی نێوان مسوڵمانان و ئاینزاکانی دیکە دەکات.

بەلاّم فەرمودەی" بەشمشێر نێردراوم بۆ ئەوەی تەنها خودا بەتاكو تەنهای بپەرستریٚ" ئەمە فەرمودەیەکی لاوازە لەلای ئەهلی عیلم، هیچ کام لەپێشەوا بوخاریو پێشەوا موسلیم نەیانگێراوەتەوە، بەڵام پێشەوا ئەحمەد لەموسنەدەکەیدا گێڕاویەتەوە( ژ5114- 5115- 5667) پێشەوا هەیسەمی لە( مجمع الزوائد)دا (6/49) دەفەرمویٚت:"یەکێك لەگێڕەوەکانیدا ( عبدالرحمانی کوڕی سابت) هەیە پێشەوا ئەحمەدو جگە لەوانیش بەلاوازی داناوە، بەڵام ئیبنو حەجەر دەفەرمویٚت " جیاوازی (الخلاف) هەیە لەمتمانە پیٚبوونیا"، بەڵام ئەحمەد شاکیر دەڵیٚت" صەحیحە" ئەلبانیش بە حەسەنی داناوەو دەڵیٚت لە ئیبن سەوبان  جیاوازی هەیە، حافزیش لە (التقریب)دا دەفەرمویٚت:" ڕاستگۆیەو لەکۆتایشدا گۆڕاوە" بەڵا قەرزاوی دەڵیٚت:" گەر چاو داخەین لەوەی لەسەنەدی فەرمودەکەدا هەیەو کەچەندین گوزارشتی تیٚدا کراوەو تەماشایەکی مەتنو ناوەڕۆکەکەی بکەین دەبینین

قەبوڵنەکراوەو لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی قورئاندا کە بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نێردراوە یەك ناگرێتەوە، چونکە قورئان لەتاکە ئایەتێك لەئایەتەکانیدا بڕیاری نەداوە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئایەتی شمشێری بۆ دابەزیبێت بەڵکو فەرمویەتی ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ کەوابوو ڕەحمەتو بەرەکەت بووە بۆ هەموو جیهان.

لەڕاستیدا ئایەتەکانی قیتالو توندو بەهێزەکان لە تەرازووی جەنگدا حسابی بۆ دەکرێ، بەڵام ئایەتەکانی ئازادیو لێبووردەییو سۆزو بەزەیی لەتەرازووی گشتیدا حیسابی بۆ دەکرێت، چونکە ئەم ئومەتە لەلایەن خوداوە تەکلیفی لێکراوە تاوەکوو بەداناییو ئامۆژگاری پەسەندو چاك مشتومڕ(نقاش)و گفتوگۆ( الجدال) لەگەڵ خەڵکیدا بکات.

لەلایەکی ترەوە بێگومان ژیانی پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾لە غەزاکاندا روونو ئاشکرایە کە بەگشتی پەرچدانەوەو بەرگری کردنە لە دینو دەروونو نیشتمانی ئیسلام، ئیبن تەیمیە دەفەرمویێت:" هەرکەس لە بێباوەڕان ئاشتی ڕاگەیاندبێ ئەوا شەڕی لەتەك نەکراوە، ئەم گەواهیەش پەرتوکەکانی ژیانی پێغەمبەرو﴿ﷺ﴾ حەدیسو تەفسیرو جەنگەکان دان بەم راستیەدا دەنێنو بەچەشنێکی موتەواتەر لەژیانیدا رەنگیداوەتەوە، بەهیچ شێوەیەك پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾دەستپێشخەری نەکردووە بەجەنگ لەگەڵ هیچ بێباوەڕێکدا، ئەگەر خودا فەرمانی پێکردایە بەکوشتو بڕی هەموو بێباوەڕێك ئەوا بەگشتی جەنگی لەگەڵدا دەکردن بێ جیاوازی، بەڵام دیانەکان هەتا دوای پەیمانی

ئاشتەوایەتی حودەیبیەو ناردنی نوێنەرەكانی خۆی بۆ لای گشت پاشاكان یا بانگهێشت كردنیان بۆ ئیسلام جەنگی لەتەكا نەكردن..." لەپاش ئەوەی كۆمەڵێك لەمەسیحیەكانو ئەوانی تر مسوڵمان بوون، مەسیحیەكانی شام دەستیان كرد بەكوشتنی پێشەواكانیان لە"مەعان" لەوانەش: (فەروەی كوڕی عەمر، جوزامی كە والی مەعان بوو مسوڵمان بوو بوو پاش بەندكردنی؛ ڕۆمیەكان كوشتیان.(الإصابة 386/5) لەپێشدا مەسیحیەكان جەنگیان لەدژی ئەوان ڕاگەیاندو ئەوانەی كە باوەڕیان هێنا بوو كوشتیان. كاتێك مەسیحیەكان دەستیان كرد بەكوشتنی مسوڵمانان: سریەیەك بەسەر كردایەتی (زەیدی كوڕی حاریسە، پاشان جەعفەرو پاش ئەویش ئیبنو ڕەواحە) كەیەكەم جەنگ بوو مسوڵمانەكان كردبێتیان لەموئتەدا، ئەم زانیاریانە پێشەوا ئبین قەییمی جەوزیش لەپەرتووكی ( هداية الحيارى) دا دەیگێڕێتەوە. بەهیچ شێوەیەك ئیسلام جەنگی لەگەڵ یەهوودا ڕانەگەیاندووە تا ئەو كاتەی پەیمانیان نەشكاندووەو پیلانی دزێویان نەگێڕاوە، ئەمەش بەڵگەو گەواهی لەقورئانی پیرۆزدا ڕوونو ئاشكرایە بەڵكو مێژووش شاهیدی ئەمە دەدات.

بێگومان بۆ برەودانی زیاتر بەسوڵحو ئاشتەوایەتی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕەزامەندی دەربڕی بۆ سوڵحی حودەیبیە سەرباری ئەو گشت سازشەی كەلەبەندی ڕێكەوتنەكاندا هەیە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری پەرتووكی(ئێمەو ئەوان)ی پ.د.عەلی قەرەداغی بكە.

شێخ عەبدوڵای کوری زایدی ئال محمود کە سەرۆکی دادگای شەرعیە لەدەوڵەتی قەتەر لە نامەکەیدا بەناو(الجهاد المشروع فی الإسلام) وەڵامی شێخ سالّح لحیدان کەیەکێکە لەزانایانی سعودیە دەداتەوەو دەڵێت:" ئەوە پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ بوو کە دەستپێشخەری کرد بەجەنگو بەشوێن دوژمندا دەگەڕا" لەوەڵامیدا دەڵێت:" گومانی تێدا نییە کەئەم هەڵە گەورەیە تەنها لە نەزانینو تێنەگەشتنەوە سەرچاوەی گرتووە.. بەبێئەوەی کەبگەڕێیتەوە بۆ بنەمای سەرچاوەکەو تێگەیشتنی تەواو و پڕاوپڕی غەزاکان..." پاشان چەندین بەڵگەو گەواهی لەقورئانو سوننەتو ژیانی پێغەمبەر دەهێنێتەوەو بەبەڵگە ڕوونیدەکاتەوە کە گشت جەنگەکانی پێغەمبەری خودا( دروودی خودای لەسەر بێت) بەرگری کردن بووە لە ئازارو ئەشکەنجەی دەستدرێژیکەران لەئایین. بێگومان ئیسلام کەسێك دەپارێزێت کە سنوورەکانی بپارێزێ‌و جەنگ لەتەك هیچ یەکێکدا ناکات مەگەر جەنگی لەگەڵدا بکرێ یاخوود قەدەغەی بڵاوکردنەوەی ئیسلامی لێبکرێ یان ئاشووب لەنێوان کۆمەڵی مسوڵماناندا بنێتەوە، ئەمەش تەنها بۆچون نییەو بەس بەڵکو دەقە پیرۆزەکانی قورئانو سوننەت و ژیانی پێغەمبەر ئەو راستیە گومان بڕە دەسەلمێنن.

پێشەوا ئیبن و تەیمیە دەفەرموێ:( إن من لم یمنع المسلمین من إقامة دین الله لم تكن مضرة كفره إلا علی نفسه، أی لایقتل) واتە:" هەر بێباوەڕێك کەبێباوەڕیەکەی نەبێتە ڕێگر لەبەرپابوونی دینی خوادا ئەوا

زیانەکەی هەر بۆخۆیەتی واتە جەنگی لەتەکا ناکریٚ"هەر بەهەمان چەشن شێخ محمدی غەزالی لە پەرتووکی (جهاد الدعوة بین عجز الداخل وکید الخارج) کە بەرپەچی لایەنی تەحریرو مامۆستاکەیان "نەبەهانی" دەداتەوە.

**بەکورتی وپوختی:**

1- بێگومان لێکۆڵەرەوانی پێشینەو دواییینە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە (جیهاد) لە زوبانی عەرەبیدا لە (جهد)ەوە هاتووە واتە: هەوڵو ووزە خستنە گەڕ. بەڵام لە زاراوەی شەرعدا: هەوڵدان بۆ خزمەت کردنو بڵاوکردنەوەی ئیسلام دەگەیەنیٚ. خودا دەفەرموێت:(وجاهدهم به جهادا کبیرا) واتە: جیهاد بکە بەبڵاوکردنەوەی قورئانو بانگەواز کردن. لەهەمان کاتدا واتاکەی هەریەکە لەجیهادی: بانگەوازو دەروونو شەیتانو جیهادی ئابوریو ڕاگەیاندنو کۆمەڵایەتیو زانستیو جیهادیش لەپێناوی خوادا دەگرێتەوە، بەڵام بەم واتایە تەنها بۆ بارودۆخی بەرگری کردن لە دینو نیشتمانو دوورخستنەوەی شەڕو ئاژاوە بەکاردێت، ئیتر دروست نییە ئەوەی تەنها لەبەرئەوەی بێباوەڕە جیهادی لەگەڵدا بکرێت بەڵکو دەبێت دەست درێژکەر بێت.

2- رای دروست لەسەر ئەوەیە ئەوکەسەی تەنها بێباوەڕیێ یان هاوبەشدانەر بێ، نابێت جیهادی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ بێباوەڕیەکەیدا ستەمکارو دەستدرێژکەر بێ، یاخوود لەترسی ئاژاوەو هێرش کردن جیهادی لەگەڵدا بکرێت، کەوابوو کۆی ئایەتەکانی قورئان جیهاد بەواتا جەنگ کردنەکەی پەیوەست دەکات وەك باسمان کرد ، نەوەك تەنها بەهۆی بێباوەڕیەکەوە بێت.

3- پاشان ڕاگەیاندنی جیهاد وەك قیتال له ڕووی مەبدەئەوە با گشت مەرجو یاساکانیشی گرتبێتە خۆ، کاری تاكو گروپێك نیە بە تەنها بەڵکو ئەوە کارو پیشەی ئوممەتو رابەرانیەتی، بەهیچ شێوەك نابێت پەنای بۆ ببرێت مەگەر بۆ مەبەستی بەرگریو دەرکردنی داگیرکەران نەبێت، ئەمەش گشت شەریعەتو یاسا نێودەوڵەتیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە.

4- بێگومان جیهاد بەواتا جەنگو قیتالیەکەی دابو نەریتو بەهای شکۆمەندی خۆی هەیە، کە بەهەموو شێوەو چەشنێك کوشتنی ژنو منداڵو خەڵکی مەدەنیو بەکار هێنانی چەکی کۆمەڵ کوژی یاساغ دەکات.

5- بەڕاستی جیهاد لە خودی خۆیدا بەواتای جەنگو قیتالئامانج نین، بەڵکو هۆکارە، پێشەوا قورەفی لە (الذخیرە)دادەفەرموێت:" حوکمەکان دەبن بەدوو بەشەوە((ئامانجەکان-( المقاصد)- هۆکارەکان) ئامانجەکان وەك: حەج، بەڵام گەشت کردن بۆ حەج هۆکارە، ڕێزگرتن لە

دین‌و سەرخستنی ئامانجە، بەڵام جیهاد لە پێناویدا هۆکارە، یاساکەش دەڵێت: هەرکاتێك هۆکارەکە سەری نەکێشاو یەکانگیر نەبوو بۆ مەبەستەکە ئەوە پشت گوێ دەخرێ" زانایان لەوانە ئیبن قەییمی جەوزی بڕیاریانداوە لەسەر ئەوەی کە جیهادیش پەیوەستە بە جێبەجێبوونی بەرژەوەندی خەڵکەوە کەوابوو هەرکات جیهاد مەبەست‌و ئامانجەکەی نەپێکا کەڕێزگرتن لەدین‌و ژینی مرۆڤەکانە، ئەوە بێ هیچ گومانێك بەیەکدەنگی زانایان ئامانجەکان پێشدەخرێ بەسەر هۆکارەکاندا. لە ڕاستیدا خودای مەزن جەنگی واجب نەکردووە لە پێناوی جەنگی دیکەدا بەڵکو بۆ هێنانە کایەی ئەو ئامانج‌و مەبەستانەی کە باسی لێوە کران، وەبەکار هێنانی هێز تەنها لەپێناوی بەرگریکردن‌و بەرهەڵستی ئەوانەیە کەوا دەست درێژی دەکەنە سەر هاونیشتمانیان وەك خودای گەورە دەفەرموێت(**وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ**) **سورة الأنفال** 60) پاشان ئامانجەکەی روون دەکاتەوە کە بەو هێزە دەتوانرێت ڕێگەبگرێت‌و ئەو کەسانە بترسێنێت کەوا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەیانەوێت دەست درێژی بکەنە سەر خەڵکی‌و لەسنووری خۆیان دەربچن وەك خودای گەورە دەفەرموێت(ترهبون به عدو الله وعدوکم) خودا نەیفەرمووە ( لتقاتلوا به الکفار) واتە بۆ ئەوەی بێ باوەڕانی پێ بترسێنیت؟ بەڵکو هەروەك ڕاڤەکەرانی قورئان دەفەرموون

بۆ ترساندن‌و دوورخستنه‌وه‌و خۆپاریزیانه له ئاژاوه‌و ئاشووبیان وه‌ك خودای گه‌وره ده‌فه‌رمویت(وقاتلوهم حتى لاتكون فتنة) واته:" له‌كوشتنیان ووچان مه‌ده‌ن، تا ئاژاوه له‌دونیادا بنه‌بڕ ده‌بێ" واته تاوه‌كوو ئه‌من‌و ئاسایش بۆ مسوڵمانه بیده‌ره‌تان‌و لاوازه‌كان فه‌راهه‌م دیت.

6- بێگومان كاری به‌نده‌كان  له‌ناویانا جیهاد به‌ده‌ر نییه له "فیقهی مه‌ئال‌و سه‌دی زه‌رائیع"، پێشه‌وا شاتبی ده‌فه‌رمویت:" تیڕوانین له‌به‌رئه‌نجامی كاره‌كان جیگه‌ی ئیعتباره‌و له‌رووی شه‌رعه‌وه ئامانجداره، ئه‌گه‌ر ئه‌وكارانه گونجاو یان دژ به‌شه‌رع بیت، چونكه موجته‌هید حوكم نادا به‌و كرده‌وانه‌ی كه‌له مرۆڤه‌وه ده‌رده‌چیت به دروستی یا نادروستی هه‌تا سه‌ر ئه‌نجامی كاره‌كه نه‌بینیت" واته: له‌ڕووی به‌رژه‌وه‌ندی‌و خراپی كاره‌كه. وه‌ك خودای گه‌وره ده‌فه‌رمویت:( **وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ مَرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ**) **سورة الأنعام** 108 ) واته: قسه‌ی خراپ و نه‌شیاو به‌وانه‌مه‌ڵێن كه‌داوای یارمه‌تی جگه له خودا ده‌كه‌ن، چونكه ئه‌وانه نه‌زانن، له‌وانه‌یه له‌به‌ر نه‌زانی خۆیان، خراپ له‌مه‌ڕ خودا بدوێن. ئه‌و فه‌رمایشته‌ی عائیشه خاتوون ده‌یگێڕێته‌وه ده‌فه‌رمویت: بیستوومه له‌پێغه‌مبه‌ری خودا كه فه‌رمویه‌تی:" لولا أن قومك حديث عهد بشرك لهدمت الكعبة فألزقتها بالأرض" واته:" ئه‌گه‌ر نه‌ته‌وه‌كه‌ت تازه نه‌بوایه كه مسوڵمان بوون، ئه‌وا كه‌عبه‌م ده‌ڕمان به‌سه‌ریانداو

لەتەك زەویدا تەختم دەكرد". لە گێڕانەوەیەكی دیكەدا دەفەرموێت (حدیث عهد بالجاهلیة) موسلیم گێڕاویەتەوە.

لەلایەكی ترەوە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لێبێت) هەندێ لە سەرانی دووڕوانی نەكوشت كەوا لە رووداوی "ئیفك" پڕوپاگەندە (الإشاعة)یان هەڵبەستبوو. لەتاو ئەو هەڵمەتە راگەیاندنەی لەم چەرخەماندا بوونی هەیە، كە ئیبن قەییمی جەوزی لە (إعلام الموقعین)[2] دا دەفەرموێت:" پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستی هەڵگرت لەكوشتنی ئەوانەی كە ڕووداوی ئیفكیان بۆ خاتوو عائیشە درووست كردبوو بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی دوور كەوتنەوەی خەڵكی لەئیسلام، كەدەیان ووت :" محمد هاوەڵەكانی خۆی دەكوژێت" چونكە ئەم گوتەزایە دەبێتە هۆی دەرچوونی ئەوانەی تازە باوەڕیان هێناوەو ئەوانەشی كە باوەڕیان نەهێناوە، بەرژەوەندی دروست كردنی خۆشەویستی گەورەترە لەبەرژەوەندی كوشتن، لە ئامێزگرتنیان باشترە لە كوشتنیان".

7- بێگومان حوكمی شەرعی سەرباری ئەوەی كە یەكلاكەرەوەو قەتعی بێ‌و یەكدەنگی لەسەربێ بەڵام پێویستی بەفیقهی تەنزیل هەیە ئەوەش بێ هیچ گومانێك تایبەتە بە ئەهلی عیلم‌و شارەزا لەزانایان‌و

[2] واتە:" زانایانی واژۆكەر" وەرگێڕ.

دانایان[3] وەك خودای گەورە دەفەرمویێت ﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ **سورة النساء** 83) ئەوە عومەرە (خوای لێڕازی بێ) کە حوکمی دزینی نەچەسپاند بەسەر ئەوانەی لەساڵی برسێتیدا دزیان کردبوو، ئەمەش لەبەر بوونی گومان، پێشەوا شافیعی پاش جیاوازی کردنی لەمەرجەکانی موفتی کەوا زانا دەفەرموێت:" ئەگەر بەم چەشنە بێ ئەوا بۆی هەیە گوزارشت بکاو فەتوای حەلاڵو حەرامی بدات، وەگەرنا ئەوا تەنها بۆی هەیە لەزانستدا قسەبکاو بۆی نیە فەتوا بدات" (إعلام الموقعين 46/1).

8- لەگەڵ کۆی ئەوانەی باسمان لێوەکرد دەربارەی جیهاد ووتمان جیهاد بەواتای قیتال تەنها بۆ پارێزگاری کردن لەدینو نیشتمانو دوورخستنەوەی ترسو بیمە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کەهیچ دەوڵەتێك نیە بەبێ بوونی هێزێك کەپارێزگاری بکات لەدینو ژینو بەرژەوەندی هاونیشتمانیانی، بەڵکو بوونی هێزێکی بەتوانا هۆکارە بۆ درووست نەبوونی جەنگ، چونکە دوژمن هەزار حیساب دەکات لەوەدا کەزانی بەرامبەرەکەی بەهێزو جەربەزەیەو ئامادەگی تێدایە بۆ رووبەروو بوونەوە، بۆیە دەبینین کەهەردوو جەنگی جیهانی ترسناکە

---

[3] لەبەر ئەمەیە کە سەعیدی نورسیش دەفەرموێت ئەوکەسەی هێندەی سوفیانی کوڕی عویینە کە مامۆستای پێشەوا شافعی بووە شارەزایی هەبێت ناتوانێت ئیجتیهاد بکا. وەرگێڕ

کەلە سەرەتای سەدەکانی بیست تا ناوەڕاستی سەدەکانی بیست روویدا پاكو پیسی وێران کرد، بەڵام لەوکاتەوە دەرکەوت هەریەك لەو دوو دەڵەتە زلهێزەی وەك ( ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران) چەکی ئەتۆمیان هەیە جەنگی سێهەم بەرپا نەبوو، بۆیە ئیسلام پێش(1400 ) ساڵ لەمەو پێش داوادەکات لە مسوڵمانان کە دەبێت هێزێکی بەرپەرچیان هەبێت نەك بۆ قیتالو جەنگ بەڵکو بۆ روبەروبونەوەی دەستدرێژیکەران.

**9- لەڕاستیدا مەبەستو ئامانج لەدرووست بوونی مرۆڤ و بەخشینی عەقڵو زانستو توانست... ئامانجیش لەناردنی پێغەمبەرانو (دروودی خوایان لێ بێت) دابەزاندنی پەرتووکەکان بەتایبەت قورئانی پیرۆز بۆ بەدەستهێنانی دوو شتە:**

**<u>یەکەم: چاکسازی مرۆڤە لە ڕێگەی پڕچەك کردنی بە باوەڕو ئاکاری جوان</u>**، تاوەکو ببێتە هاریکار لەگەڵ کەسانی دیکەداو سوود بەخش بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ چاکسازی بۆ دەورو بەرەکەی فەراهەمبێنێ ئەویش لەرێگەی بانگەواز کردن بۆ خودای مەزن بەدانایيو ئامۆژگاری چاك، هەروەها گەیاندنی ڕێنموونیو بڵاوکردنەوەی سۆزو هۆگریو میهرەبانی بۆ کۆی خەڵکی، ئەمەیە ئەرکی پێغەمبەرانو پیاوچاکان وەك خودای گەورە دەفەرمویێت: ﴿**لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ وَلَا أَبْنَائِهِنَّ وَلَا إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاء إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاء أَخَوَاتِهِنَّ وَلَا نِسَائِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ وَاتَّقِينَ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيداً**﴾**الأحزاب**55 هەروەها دەفەرمویێت:(**وَلَا**

**تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ وَدَعْ أَذَاهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا** )سورة **الاحزاب** 48.

( **هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ** ) **سورة الجمعة** 2 ) خوای گەورە دەفەرموێت: ( **يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الرَّسُولُ بِالْحَقِّ مِنْ رَبِّكُمْ فَآمِنُوا خَيْرًا لَكُمْ وَإِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا** ) **النساء** 170 ) تەنانەت خێر وبیری ئەم ئوممەتە بۆ ئەوەیە، چونکە تەنها قازانجی خەڵکی ویستووەو مەبەستی هیدایەتی کەسانی دیکەیە لەڕێگەی ئامۆژگاری چاکەو ئاکاری جوانەوە وەك خودای گەورە دەفەرموێت:( **كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ** )**سورة آل عمران** 110. لەبەر ئەوەیە خودای گەورە فەرمانی کردووە بە باوەڕداران کەبەم ئەرکە هەستن وەك خودای گەورە دەفەرموێت :( **وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** ) **سورة آل عمران** 104 ) ئەمەیە ئەرکی باڵاو مەبەستی بڵند لە دروست بوونی مرۆڤ، کە فوو کراوە بە ڕۆحیاو بیستنو بینینو ئاوەزو دڵی بۆ سازێنراوە.

**دووەم:** **ئاوەدانکردنەوەی گەردوونە** لەسەر بنەمای چاکسازیو دادپەروەریو یەکسانیو سوودگەیاندن بە کۆی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی( **وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ** ) **سورة الرحمن** 10 ) ( **وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا**

**قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ) سورة هود** 61).

10- **بێگومان مەبەستەکانی شەریعەت بەیەکدەنگی زانایانی ئیسلام تەنها بۆ پارێزگاری کردنە لە پێنج زەروریاتەکە( یان شەش) هەروەها پێویستیو جوانکاریەکانەو پەرەپێدانیانە، ئەم شەریعەتە لەسەر فەراهەم بوونی بەرژەوەندی بەندەکان دروست بووە، پێشەوا ئیبنو قەیم دەفەرموێت:" ئەم شەریعەتە لەسەر بنەمای حوکمو بەرژەوەندی بەندەکان بۆ پەیداکردنی بژێویو قیامەت دروست بووە، کە هەمووی دادپەروەرییو حیکمەتە، کەوابوو هەر مەسەلەیەك لە دادپەروەری تێپەڕی بۆ ستەمو لەمیهرو سۆزەوە بۆ دژەکەییو لە بەرژەوەندییەوە بۆ خراپەو لەدانایییەوە بۆ بێ هودەیی ئەوا ناچێتە نێو خولگەی شەریعەتەوە با چەندان تەئویلو ڕاڤەشی بۆ بکرێت".**

11- **<u>بەگوێرەی ئەوەی ڕابوردو بەدرێژی باسمان کرد ئیمە پێمان وایە کە:</u>**

**<u>یەکەم</u>: ئەو کوشتو بڕو تەقینەوانەی کەلە هەندێ لە وڵاتانی جیهاندا ڕوو دەدات لە ڕووی شەرعەوە حەرامەو رێگە پێنەدراوە، عەقڵی مرۆڤ قەبوڵی ناکاو لەگەڵ بنەماو حوکمەکانی ئیسلامدا یەك ناگرێتەوە، سەرباری ئەوەی کە وێنەی ئیسلامیش زشتو ناشیرین دەکاتو بەڵگەو**

گەواهی دەدات بەدوژمنان کە ئیسلام ناوزەند بکەن بە تیرۆرو توندو تیژ، سەرە ڕای ئەوەی دەبێتە هەوڵێك بۆ بڵاونەوبوونەوەی ئیسلامیش، لەم ساتەدا سەرباری ئەوەی کە کارێکی حەرامو قێزەونە، دەبێتە ڕێگر لەبڵاوبوونەوەی ئیسلامو ئاژاوە بۆ غەیری مسوڵمانان.

**دووەم:** بێگومان ئەو تەقینەوانەی کە ڕۆژانە دژ بە خەڵکی بێتاوان ئەنجامەدریٚو ناوی جیهادی لێدەنریٚ ستەمێکی گەورە لەو زاراوە ناوازەیە دەکریٚ کە مەبەست پێی هەوڵو خەبات کردنە بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازو چاکسازی، لەکاتێکدا کە هاوشێوەی ئەم کارانە دەچێتە ژێر ڕکێفی توندوتیژیو تیرۆری حەرامو دەستدرێژی کردنی ستەمکارانە لە بەرامبەر ئەوانەی کە ژنو منداڵو پەککەوتە دەکوژن، لەو بارەیەوە خودا دەفەرموێت:( **وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا** ) **سورة النساء** 93).

پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت:" خوێنو ماڵو نامووستان لەسەر یەك حەرامە وەك حەرامی ئەم ڕۆژو ساتەتان لەم شارەداو لەم مانگەدا"( بوخاریو موسلیم دەیگێڕنەوە).

**سێهەم:** بەڵگە نەویستە کە لەشەریعەتی ئیسلامدا مافی خەڵکی پارێزراوەو دروست نییە دەستدرێژی بکرێتە سەر، تەنانەت چاکەکانو بگرە جیهادو شەهید بوون لەڕێگەی خوادا نابێتە سڕینەوەو لابردنی مافەکانی خەڵکی، لە فەرمودەیەکی سەحیح دا هاتووە (کە باوکی قەتادە بە پێغەمبەری خودای ووت:" ئایا ئەگەر من لەپێناوی خوادا

بكوژرێم دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانم "؟ پێغەمبەری خودا فەرموی:" بەڵێ گەر ئارام بگریو پشت هەڵنەکەیتو، قەرزار نەبی، چونکە جبریل ئەمەی پێوتوم" (موسلیم). لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە دەفەرمویت:" پێغەمبەری خودا فەرموی: بەردەوام مرۆڤی باوەڕدار باوەردارترو ئاییندارترە مادام خوێنی نەڕشتبێ"(بوخاری)لەبارەی ترسناکی خوێن ڕشتنەوە دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی:" یەکەمین شتێك خودای گەورە لێپرسینەوەی مرۆڤی لەسەر دەکات خوێنڕشتنە"(بوخاریو موسلیمو ترمزی و نەسائی)، پێشەوا موسلیم لە سەحیحەکەیدا دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا فەرمویەتی:" بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە ڕۆژگار کۆتایی نایەت تاوەکو ڕۆژێك دێت پیاوکوژ نازانێ بۆچی کوشتویەتیو کوژراویش نازانێ لەسەر چی کوژراوە" بە چەشنێك ئەو کوشتنو بڕینە بەڵگەیە لەسەر سوکایەتی کردن بەخەڵکی سەرە ڕای ئەوەی کە لەتاوانە گەورەکانە.

گەورەییو ترسناکیو تاوانی کوشتنی بەناهەق گەشتۆتە ڕادەیەك کەنزیکبوەتەوە لە بێباوەڕی، بەپێی دەقیی چەندان حەدیس کەهەندێکی باسە دەکەین لێرەدا:

1-عەبدوڵای کوڕی عومەر دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾فەرمویەتی:" بەردەوام مرۆڤی باوەڕدار باوەردارترو ئاییندارترە مادام خوێنی نەڕشتییێ"(بوخاری) عەبدوڵای کوڕی عومەر

**دەفەرموێت:" لەخراپترینو دژوارترین ئەوکارانەی مرۆڤ دوچاری دەبیٚو ڕزگاربوونی نییە، خوێنڕشتنی ناهەقە" (بوخاری).**

**2- عەبدوڵای کوڕی عەمر دەفەرموێت:" پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾دەفەرموێت:"تیاچوونی دونیا باشترە لەوەی بەناهەق خوێنی پیاوێکی مسوڵمان بڕێژرێت"( نەسائی، ترمزی بەمەرفوعو مەوقوف) گێڕویانەتەوە، ئبینو ماجەش گێڕاویەتەوەو لێکۆلەرەوەکەی لە بوسیریەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت:" سەنەدەکەی دروستەو پیاوەکانیش متمانە پێکراون".**

**3- لە باوکی سەعیدو ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾فەرمویەتی:" گەر خەڵکی ئاسمانو ڕیسمان بەشداربن لەکوشتنی کەسێکی باوەڕداردا ئەوا (**لأكبهم الله فى النار**)خودای گەورە بەئاگر داخیان دەکات" (ترمزی)**

**4-موعاویە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾فەرمویەتی" هەموو تاوانێك ئەگەری هەیە خودا لێی ببوریٚ مەگەر کەسێك کەبەبێباوەڕی مردبیٚ یا کەسێکی باوەڕداری بەئەنقەست کوشتبیٚ"(نەسائی)**

**5- لەئەبوموسای ئەشعەریەوە دەفەرموێت، پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾ فەرموی: " هەرکات شەیتان بەیانیی کردەوە سەربازو داروەدستەکەی بڵاوە پیٚ دەکاتو پێیان دەڵێت:" هەرکەس ئەمرۆ مسوڵمانێکی لەخشتە بردبێت تاجێکی دەکەمە سەر، دەفەرموێت: کەسێك دێتو**

دەڵێت: وازم لێنەهێنا تاوەکو ژنەکەییم پێ تەڵاقدا، شەیتان دەڵێت: دەکرێ ژنێکی دیکە بخوازێ، یەکێکی دیکە دێتو دەڵێت: وازم لێنەهێنا تاوەکو هاوبەشی دانا بۆ خودا(پەنادەگرم بەخوا) شەیتان دەڵێت: تۆ، کەسێکی دیکە دێت دەڵێت: وازم لێنەهێنا تا کەسێکم پێدا بەکوشت، شەیتان دەڵێت: تۆ تۆ، تاجەکەی دەکاتە سەر"( ئیبنو حیببان، لەسەحیحەکەیدا)

**چوارەم:** ئەم تاوانانەی باسمان کرد ئەو کەسەش دەگرێتەوە کەپەیمانی لێوەرگیرابێت، واتە: لەنێوان ئەو مسوڵمانانە پەیمانو کارنامەیەك هەبێت ( دیارە کەکردنەوەی باڵوێزخانەکانو چوونە ناوەوەی خەڵکی بەپەنجە مۆر جۆرێکە لەپەیمانو گرێبەست) بەچەشنێك پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾دەفەرموێت:" هەرکەس هاوپەیمانێك بکوژێت بۆنی بەهەشت ناکا، کە بۆنی بەهەشت لەدووری چل ساڵەوە دەڕوات" (بوخاری) واتە:" ناچێتە بەهەشت".

**پێنجەم:** لەڕاستیدا چەندین فەرمودە هەیە کە ئازارو ئەشکەنجەدانی هەموو گیانلەبەرێك چ مرۆڤ بێ یان ئاژەڵی حەرام کردووە، ئەگەر بەدەر بێ لەو مافو حەقەی کە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دیاریی کردووە، هەروەها خراپەو خراپەکاریو لەناوبردنی ماڵو حاڵی خەڵكو تێکدانی ژینگەی حەرام کردووە بەچەشنێك خودای گەورە ئاماژەیان بۆ دەکات وەك دەفەرموێت:( **وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ**) **سورة البقرة** 205) چونکە

خودای گەورە بۆ ئاوەدانکردنەوە دروستی کردووین نەك بۆ تێکدانو ڕوخاندنو ترساندنو تۆقاندن، پێشەوا قورتوبی دەفەرموێت:" خودای گەورە هەموو خراپەو گەندەڵیەکی بچوك و گەورەی قەدەغە کردووە"

**شەشەم:** دەقەکان دەربارەی تاوانو گوناهباری ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێ ئەوەندە زۆرە کە لەژمارە نایەت، چ جای ئەوکەسەی کە خەڵکی بێتاوان دەکوژێت ئەوە لەسەروی تاوانەکانەوەیە، لەئەبو هورەیرەوە( خودای لێڕازیبێت) دەفەرموێت پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾فەرمویەتی:" هەرکەس لەشاخێکەوە خۆی بخاتە خوارەوەو ببێتە هۆی کوشتنی خۆی، ئەوا لەئاگری دۆزەخدایە بە هەمیشەیی، هەرکەس ژەهر دەرخواردی خۆی بداتو ببێتە هۆی کوشتنی خۆی ئەوا لەئاگری دۆزەخدا ژەهرەکە هەر لەدەستیدا دەبێتو هەمیشە تێیدا دەمێنێتەوە، هەرکەس بەئاسنێك خۆی بکوژێت ئەوا بەخۆیو ئاسنەکەوە دەخرێتە دۆزەخو بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە تێیدا"(بوخاریو موسلیمو ترمزیو ئەبو داود) گێڕاویانەتەوە. پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت:" ئەوکەسەی خۆی دەخنکێنێ هەر بەو شتەی خۆی پێ خنکاندووە دەخنکێ لە دۆزەخدا، ئەوەی بەشمشێر یان بەچەقۆ دەدات لەخۆی بەهەمان شت لە دۆزەخدا لێیدەدرێت، هەرکەس لە دونیادا خۆی بخاتە نێو ئاگر ئەوا لەڕۆژی دواییشدا دەچێتە نێو ئاگر" (بوخاری)

لە ئەبو قولابەوە( خوای لێڕازیبێت) دەفەرموێت کە سابیتی کوری زەححاك( خوای لیّ ڕازی بێت) لەژێر دارەکەدا پەیمانیدا بە پێغەمبەری

خودا، پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾فەرموی:" ئەو کەسەی سوێند بخواو بەدرۆو بڵێت: ئەگەر ئەو کارە وانییە ئەوە ببمە جولەکە یان گاوور ئەوە دەسبەجێ حیسابی ئەوانی بۆ دەکرێ، هەرکەسێ خۆی بەهەر شتێك بکوژێ ئەوا لەڕۆژی دواییدا بەهەمان شت لەدۆزەخدا سزا دەدرێت ....."(بوخاریو موسلیمو ئەبو داوودو نەسائی بەکورتی ترمزی لە سەحیحەکەیدا ریوایەتیان کردووە).بۆ ئەم بابەتە بگەڕێرەوە بۆ کتێبی(**الترغيب و الترهيب للحافظ المنزري** و کتێبەکانی سووننە)

چەندین بڕیار لەکۆڕی فیقهیو فەتواو دەستەو کۆنگرەی فیقهیەوە دەرچووە کە دەڵێت: " بەهیچ چەشنێك پەیوەندی نییە لەنێوان چەمکی جیهاد لە ئیسلامدا لەگەڵ ووشەی تیرۆر (إرهاب) ".

## بابەتی دووەم

## ( ئیرهاب ) تیرۆر

(إرهاب) سەرچاوەکەی: (أرهب) یە، لە زمانی عەرەبیدا مەبەست پێی ترساندنو تۆقاندنە، ئەو ترسە ئەگەر لەبەرامبەر کەسانی مەدەنی بێت یان دژ بەداگیرکەرانو دەست درێژی کەران بێت، بەڵام قورئانی پیرۆز لەترساندنی دوژمناندا بەکاریهێناوە خودای گەورە دەفەرموێت:(

وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ) سورة الأنفال 60)، ئەمە ڕێسایەکە لە هەموو شەریعەتە ئاسمانیو یاسا نێودەوڵەتیو مرۆڤایەتیەکاندا بوونی هەیە، تەنانەت خودای گەورە لەم ترساندنەوە دەیەوێت لەلایەن نامسوڵمانەکانەوە هیچ هێرشو جەنگێك ڕوونەدات.

بەڵام لەم ڕۆژگارەدا زاراوەی (إرهاب) بۆ ترساندنی خەڵکی بێتاوانو مەدەنیو ئازاردانی ژنو منداڵو تەقینەوەو وێرانکاری بەکار دێت، بەڕادەیەك ئەوەی کەلە هەندێ وڵاتان ڕوودەدات لەترساندنو تۆقاندنی خەڵکیو هاونیشتمانیان دوژمنان قۆستویانەتەوە بۆ تاوانبار کردنی ئیسلام بە تیرۆرو تۆقاندن.

بەهەمان شێوە هەندێ لە دەوڵەتە زلهێزەکان لەم واقیعە سودیان وەرگرتووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی چەواشەکارانە ڕاڤەو لێکدانەوەی بۆ دەکەن، بەشێوەیەك فەرەنسا لەو پرۆژەیەی کەلە ساڵی (1972) ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردوە پێناسەیەکی گشتی نارۆشن بۆ ئیرهاب[4] دەکات بەوەی کە:" کارێکی بەربەری قێزەونە" بەڵام تا هەنوکە ئەمریکا هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکردووە، لەوانەیە لەم کارەیدا مەبەستی بووبێ تاوەکوو هەر دەوڵەتێك

---

[4] بەهیچ چەشنێك رۆژئاوا بەپڕاوپڕی پێناسەی ئیرهاب ناکات بۆ ئەوەی دواجار بەسەر خۆیدا دانەبڕێ. وەرگێڕ

یان گروپو کەسێك کە دژ بە بەرژەوەندیەکانی بێت بیخاتە ریزی ئیرهابەوە" .

زاراوەی (إرهاب) وەرگێڕاوی زاراوە ئینگلیزیەکەیەتی کە ووشەی(terrorism) یاخوود فەرەنسیەکەیەتی کە ووشەی ( Le terrorism) کە (جۆرج لیناسیر) بەوە پێناسەی دەکا کە:" بەکارهینانێکی ئەنقەستو رێکخراوە بۆ چەند هۆکارێك کەلە سروشتیدا ترساندنو تۆقاندن هەیە بەمەبەستی فەراهەمبوونی ئامانجێکی دیاریکراو"[5].

بەڵام ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوە لە دەبلەن لەماوەی (19- 26) مانگی زولقەعدەی 1423ك کە رێکەوتە لەگەڵ (22- 26) یەنایەری 2003 لەبڕیاری 10/2 بەم جۆرە پێناسەی کردووە کە:" ئیرهاب بەکارهێنانێکی مەنهەجیە بۆ توندوتیژیەکی ناپەسەند، یا هەڕەشەکردن، یان کوشتنی بە ئەنقەستو ئازاردانی خەڵکی مەدەنی، یان وێرانکاری یاخوود زیان گەیاندن بە ژینگە، بێگومان چەمکی ئیرهاب دادەبڕێ بەسەر تاكو کۆمەڵو حکومەتدا، ئیدی هیچ جیاوازیەکی نییە لەو ڕووەوە کە حکومەتەکە بەو کارە هەستابێ یان لە بەرامبەریدا کرا بێ.

---

[5] ویکیپیدیا " الموسوعه الحره، ماده "إرهاب"

گومانی تێدا نییە کە ئیرهاب بەواتا بەربڵاوەکەی کە بریتیە لەترساندنو کوشتو برِ بەهەر ڕێگەیەك بێت، ئەوا بەشێوەیەکی گومان برِ حەرامەو دوورە لەبنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە، گەواهی حەرامیەکەشی چەندین دەقی ئایەتو فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) سەرباری کۆدەنگی زانایانی ئیسلام، هەروەها برِیارەکانی کۆرِی فیقهی لە هەموو جیهاندا جەخت لەوە دەکەنەوە کە:" حەرامی خوێن رِشتنو ماڵو سامانو ناموس بەچەشنی حەرامی کەعبەیە لەمانگە حەرامکراوەکانداو ئیرهابیش بە واتا هاوچەرخەکەی ناپەسەندو نادرووستەو ڕێگە پێنەدراوە، لەکۆمەڵی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی کە( نوێنەری کۆی دەوڵەتە ئیسلامیەکان لەخۆ دەگرێت، وێرِای چەندین شارەزاو بەئەزموون) لەبرِیاری ژمارە 154(17/3) دەربارەی هەڵوێستی ئیسلام لە هەڵەرِۆیی و(الغلو) زیادەرِەوی و ئیرهاب رِایگەیاندووە کە:

ئەنجومەنی کۆمەڵی فیقهی ئیسلامی نێودەوڵەتی کە هەڵقوڵاوی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیەو لە خولی حەڤدەهەمیی، لە عەممانی پایتەختی ئوردونو لە بەرواری 2 مانگی جەمادی دووەمی 1427ك، کە ڕێکەوتی بەرواری 24-28 حوزەیرانی (یۆنیۆی)2006 ز بەستراوە، دەڵێت: دوابەدوای چاوخشاندن بە ئەو توێژینەوانەی کە بۆ کۆمەڵەکە هاتووە بەتایبەت بابەتی هەڵوێستی ئیسلام لەهەڵەرِۆیی و زیادەرِەوی و ئیرهاب، پاش گوێگرتن لەو مشتومرِانەی(المناقشە) کە رِویداو پاش

ئاگاداربوونی لە بڕیاری ژمارە 128 (14/2) دەربارەی "مافەکانی مرۆڤو توندوتیژی نێودەوڵەتی" کە ئیرهابی بەوە پێناسەکردووە کە:" بریتییە لە دژایەتیو ترساندنو هەڕەشەکردنی ماددی یا مەعنەوی کەلە دەوڵەتەوە یا کۆمەڵو تاقمێکەوە بۆسەر مرۆڤ ڕوودەدات، دەربارەی ئایینی یا دەروونی یا ناموسی یا ئاوەزی یاخوودماڵو سامانی بەناهەق، بەهەموو شێوە قێزەونیەکانەوە کەلەسەر گۆی زەوی ڕودەدات"، هەروەها دوابەدوایی ئاگاداربوونی لەبارەی ئەو بڕیارەی کە کۆنگرەکانی عەرەبی ئیسلامی بەهەردوو شێوازە رەسمیەکەو نیشتمانیەکەیەوە دەربارەی قەڵاچۆکردنی(مکافحە) ئیرهاب دەریان کردووەو ئەویش بە چارەسەرکردنی هۆکارو بڕینی گشت تولە ڕێیەك لێیان، لەتەك بەردەوامی لە دەستگرتن بە سیاسەتی مافی گەلی داگیرکراو لەهەوڵو کۆششێکی بەردەوامدا.

ئەوەی کە لە "پەیامەکەی عەممان"دا هاتووە کەلە 1425/9/26ك، کە ڕێکەوتە لەگەڵ 2004/11/9.

ئەم بڕیارەی خوارەوەیان داوە:

1- حەرام کردنی هەموو کارە تیرۆریستیەکانو شێوازو پیادەکردنیو لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەك تاوانی حیرابە[6]حیسابی بۆ دەکرێ، لەهەر شوێنێکدا ڕوویدات یان هەرکەسێك هەستێت بەو کارە. هەروەها ئەوکەسەش بەراستەوخۆ لەکاری ئیرهابیدا یا بەهۆیەکەوە یاخوود بە پاڵپشتیەوە بەشداری بکا بە تیرۆریست دادەنرێ، ئیدی لەلایەن تاکێك بێت یا گروپێك یا دەوڵەتێکەوە، زۆر جار ئیرهاب لەلایەن دەوڵەتێکەوە بەرامبەر دەوڵەتێکی دیکە دەکرێ.

2- جیاوازی بکرێ لەنێوان تاوانی ئیرهابو ئەو خەباتە ڕەوایەی لەبەرامبەر داگیرکەراندا دەکرێ بەهۆکاری ڕەوا. کەئەوەش لەپێناوی دژایەتی ستەمکاریو گێڕانەوەی مافەکانە، کە بێگومان ئەوەش مافێکە کەهەم شەرعو هەم عەقڵی مرۆڤیش دانی پێدا دەنێتو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانیش بڕیاری لەبارەوە داوە.

3- چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی ئیرهاب لەپێشەوەی هەموویانەوە زیادەڕەویو ڕەگەزپەرستییو بێ ئاگاییە بەرامبەر حوکمە شەرعیەکانی ئیسلام، پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی سیاسیو فیکریو تێکدانی باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕامیاریی.

---

[6] حیرابە: لەزاراوەی شەرعدا واتە:" خۆ دور گرتنە لەفراندنی پارەیەك یا بۆ کوشتن و ترساندنە، ئەویش بەپشت بەستن بەهێزو و بازوو، لەگەڵ ئەوەی ئەوکەسەی کەتاوانەکەی لەبەرامبەر دەکرێت لەهاناو هاوارەوە دوورە.

4- جەخت کردنەوە لەو بڕیارەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەوەی کە جیهاد بۆ بەرگریکردنە لەبیروباوەڕی ئیسلامو پاراستنی نیشتیمانو رزگار کردنیەتی لەداگیرکەرانی بێگانە، ئەمانەش بەهیچ شێوەیەك لە ڕیزی ئیرهاب دانانرێ مادام جیهاد بەپێی حوکمە شەرعیە ئیسلامیەکان بێت.

**<u>بەم شێوەیە بڕیارێکی دورو درێژ لەکۆڕی فیقهی ئیسلامی لە مەککەی پیرۆز دەرچووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:</u>**

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕوونکردنەوەی مەککەی پیرۆز

## دەربارەی: تەقینەوەو هەڕەشە ئیرهابیەکان

هۆکانی- شوێنەوارەکانی- حوکمی شەرعی- هۆکانی خۆپاراستن

**الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده، نبينا محمد(صلى الله عليه وسلم)، وعلى آله وصحبه. أما بعد:**

ئەنجومەنی کۆڕی فیقهی ئیسلامی کە سەر بە رابیتەی جیهانی ئیسلامیە لەخولی حەڤدەیەم کەلە مەککەی پیرۆز لەماوەی (19-23م10/1424ك کەڕێکەوتە لەگەڵ 13-17/12/2003ز) بەستراوە، باسی لەبابەتی: ( تەقینەوەو هەڕەشە ئیرهابیەکان. هۆیەکانی- شوێنەوارەکانی- حوکمی شەرعی- هۆکانی خۆپاراستن لێی) کردووەو چەندین توێژینەوەی بەنرخی پێشکەش کردووە.

دەستی خستە سەرئەو دەردە بەئازارەو، هۆشداریدا لەئەو شوێنەوارانەی کەلێوەی دروست دەبێت لەگەندەڵی بەرفراوانو شەڕێکی گەورە، هەروەها بەچەندین بەڵگەی گومان بڕ لەقورئانو فەرمووده، حیکمەتو هۆو حوکمەکەی ڕوونکردەوەو، چارەسەری بۆ ئەو دەردە کوشندەیە داناو تۆوە پیسەکەی لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕیشەکێش (قلع) کرد.

هەروەها لەلایەن پێشکەشکارانەوە پوختەی توێژینەوەکان نمایشکراو پاشان چەندین مشتومڕی بەپێزیان لەسەر کردو، جەختیان لەوە دەکردەوە کە پێوستە حوکمێکی شەرعی پوخت بۆ کۆی مسوڵمانان بەتاکو کۆمەڵو دەوڵەتو گەلەوە، بۆ غەیرە مسوڵمانانیش لە بڕیارو ڕێکخراو و دەستەوەو دەوڵەتەکان ڕوونبکرێتەوە.

ئەنجومەن - بەخەمو پەژارەیەکی قوڵەوە  هەستی بە ترسناکی شوێنەواری کارە ئیرهابییەکان کردوە لە وولاّتە ئیسلامیەکان بەتایبەتیو وولاّتانی جیهان بەگشتی، کە چەندین قوربانی خەڵکی بێتاوانو کارەساتی مرۆڤایەتی ترسناکو لەناوچوونی چەندین سەروسامانی خەڵکی لێکەوتۆتەوە، کە ژیانی مرۆڤی لەسەر بەندە، سەرباری ئەو هەموو کاولکاریو دارِمانەی بەدوای خۆیدا هێنا لە پیسبوونی ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤو گیاندارو باڵندە سوودی لێدەبینێ.

ئەو ئەنجومەنەی کەلە مەککەی پیرۆز بەسترابوو دەربارەی ئیرهاب لەخولی شازدەهەمیدا کەلە ماوەی 21-1422/20/26ك کەرێکەوتە لەگەڵ 5-2002/10/10ز ڕوونکردنەوەیەکی دەرکرد کەئەمە دەقەکەیەتی:

**یەکەم:** بێگومان زاراوەی ئیرهاب لەڕووی نێودەوڵەتیەوە تا هەنووکە پێناسەیەکی دیاری کراوی نییە، کە ناوەڕۆکەکەی دەستکاری دەکریێو ماناکەی سنوردار دەکریێ.

لەبەرئەوە ئەنجومەنی کۆمەڵە بانگهێشتی شەرعزانانو پیاوانی یاساو سیاسەت لە جیهاندا دەکات بۆ ڕێکەوتن دەربارەی دیاری کردنی پێناسەیەك بۆ ووشەی ئیرهاب کە چەندین حوکمو سزا دەگرێتە خۆ، بۆ ئەوەی ئاسایش فەراهەمبێنیێو دادپەروەری بچەسپێنیێو ئازادییە مەشروعەکان دەستەبەر بکات بۆ هەموو خەڵك، هەروەها ئەنجومەنەکە ئاگاداری کردنەوە دەربارەی ئەو ئایەتەی کە خودای گەورە دەفەرمویێت:( **وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ**) **الأنفال** 60) واتە ئامادەگیو پڕچەککردنی مسوڵمانانە بۆ ئەوەی دوژمنان بترسێنێت، ڕێگەیان لیێ بگرێت لەوەی کە هێرش بکرێتە سەریانو سنوریان بشکێنرێت، کە بێگومان ئەم پێناسەیەی ئیرهاب جودایە لەوەی کە ئێستا بەربڵاوە.

کۆمەڵە دەربارەی ئەو ڕوونکردنەوەیەی لە بەیانی مەککەدا هاتووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیرهاب: دەسدرێژیەکە تاکەکانو کۆمەڵو دەوڵەتان بەناڕەوا دەیکەنە سەر مرۆڤ لە ئایینیو خوێنو ئاوەزوماڵو ناموسیدا، هەروەها ترساندنو ئازارو هەڕەشەو کوشتنی بەناهەقو هەموو جۆرەکانی حیرابەو ترساندنی خەڵکیو چەتەگەری دەگرێتەوە، هەموو کردارێك لەکردارەکانی توندوتیژیو هەڕەشە وەك تاوانێکی تاکیو کۆمەڵی حیسابی بۆ دەکرێو تەنانەت ئامانج لێی بڵاوکردنەوەی ترسە لەنێوان خەڵکیدا یا دینو ژینو ئازادیان بخاتە مەترسییەوە کە هاوشێوەی ئەم جۆرە کارانەش قێزەونو ڕێگەپێنەدراوە لەلایەن خودای گەورەوە خودای گەورە دەفەرموێت:( **وَابْتَغِ فِيمَا آَتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآَخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ** ) **القصص:77** )

**دووەم:** بەڕاستی ڕێنەکەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو دەبێتە مایەی تانە لە حوکمە شەرعیەکانی شەریعەتی ئیسلام، وەك مەشروعیەتی جیهادو سزا جەستەییەکانو حەددو تۆڵەو شەرمەزاریەکان، هەربەچەشنی ئەوەی دەبێتە مایەی تاوانبار کردنی ئەو کەسەی کە بەرگری لە دینو ناموسو زەوییو نیشتمانیدەکا دژ بەداگیرکەرانو تەماحبازان، کە بێگومان مافێکی پەسەندە لەگشت شەریعەتە ئیلاهیەکانو یاسا نێودەوڵەتیەکان.

**سێهەم**: **نارەزایی لە لکاندنی تۆمەتی ئیرهاب بە ئاینی ئیسلامەوە** ئاینی سۆزو خۆشەویستیو ئاشتی هەروەها وەسفکردنی شوێنکەوتوانی بە زیادەڕەو و توندوتیژ، ئەمەش شتێکی ستەمکارانەیە چونکە کۆی هەموو ڕێنماییەکانی ئەم ئاینو شەریعەتە لێبوردەییە، شایەتی بۆ دەدەن خودای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت:( **وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ**) **الأنبياء** 107 ). هەروەها دەفەرموێت: (**الر كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ** (1) **اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَوَيْلٌ لِلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ**) **إبراهيم**:1-2).

(**فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ**) **آل عمران**:159) ، (**خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ**) **الأعراف**: 199) ، (**لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ**) **التوبة**: 128).

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت:"نێردراوم بە ئایینێکی پاك و لێبوردە" هەروەها فەرمویەتی بەهاوەڵانی:" ئێوە تەنها بۆ ئاسانکاری نێردراون نەك بۆ قورس کردنی ئاین"( بوخاری) هەروەها دەفەرموێت:" ئاسانکاری بکەنو ئایین قورس مەکەنو مژدەدەربنو تۆقێنەر مەبن" ( بوخاریو موسلیم) هەربەم چەشنە فەرمودە گەلێك لەم بارەوە هاتووە کە گەواهیی لەسەر لێبوردەیی ئەم ئیسلامە دەدەن، لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت(خوای گەورە بەبەزەییەو کەسی بەبەزەیی خۆش دەوێت،

ئەوەی بەسۆزو بەزەیی دەیدات بەتوندوتیژی نایدات)مسلیم لەصەحیحەکەیدا ریوایەتی کردوە، سۆزو بەزەیی لەهەر شتێکدا بێت هاوسەنگی پێ دەدات.

هەروەها دەفەرموێت: (هەرکەسێك رێگە لەبەزەیی هاتنەوە بگرێت، رێگە لەهەموو خێرێك دەگرێت)

**<u>چوارەم</u>: بوونی توندڕەوی لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار،** کە زۆرینەیان لە ژینگەو کاتێکی دیاریکراودا بەدیدەکرێ، کەبە جیاوازی ژینگەو زەمەن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەوانە هەیانە کە هۆکارەکەی بۆ پەیڕەوێکی زانستی دەگەڕێتەوە وەك تەئویلو شوینکەوتنی ئایەتە لێکچووەکان، یاخوود ڕێچکە زانستیەکە دەگەڕێتەوە وەك ڕەگەزپەرستیو، دیاری کردنی هۆکارو چارەسەریەکەی، پیشەیەکی زانستیە کە پێویستە شارەزایان لێیبکۆڵنەوەو خوێندنەوەیەکی واقعیانەی بۆ بکەنو نابێت قسە لەخۆوە فڕێ بدرێت، بێگومان ئەنجومەنەکە زۆرێك لەو هۆکارو چارەسەریانەی کەلە نوسراو و توێژینەوەکاندا دەربارەی هەڵڕۆییو ئیرهاب هەیە خوێندنەوەو توێژینەوەی بۆ کردوە، ئەنجومەنەکە چەند هۆکارێکی خستۆتە ڕوو:

1- شوێنکەوتنی فەتوا دەگمەنو بۆچوونە لاوازەکان، سەرباری وەرگرتنی فەتواو ئاراستەکان لەوانەی کە متمانە بە زانستەکەیان ناکرێتو، پشتگیری کردنیان بەشێوەی رەگەز پەرستانە. کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاسایشو نانەوەی ئاژاوەو سوککردنی کاروباری

دەسەلاّت، کەوا بژێوی خەڵکیو پاراستنی ئایینو باشتر بوونی کاروو باری دینو ژینیان بەندە لەسەری.

2- زیادەڕەوی لە دژایەتی کردنی دیینو سەرباری لەکەدار کردنیو گاڵتە پێکردنیو دوورخستنەوەی لەکاروباری ژیانو، چاو پۆشی کردن لەهێرشی بێ باوەڕان و نەفامان بەسووك سەیرکردنی زانایانو پەرتووكو سەرچاوەکانیان.

3- ئەو ڕێگریەی کەلەهەندێ کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێ لەڕووی ئەو بانگەوازە ڕاستیەی کە بۆ ئەو دیینە پاكو بێگەردە دەکرێ، کەپشت بە قورئانو فەموودەو بنەماکانی شەرع دەبەستێ، ئەویش بە گوێرەی تێگەیشتنی پێشینەکانی ئەم ئوممەتە لە ( هاوەڵانو تابیعەکانو کەڵە زانایان).

بێگومان دینداری فیترەتێکە کە خودا بۆخۆی بەندەکانی لەسەر ڕاهێناوەو ناتوانن دەسبەرداری بن، هەرکاتێکیش ڕێگەیان لێگیرا کەزانستی ئاین فێر بن و کاری پێ بکەن، ئەوا ناکۆکیان تێدەکەوێو شوێنی گشت هەواو ئارەزوواتو خورافەیەك دەکەوونو سەرباری شوێنکەوتنی تەماحو ڕقو کینە.

4- ستەمی کۆمەڵایەتی هەندێ کۆمەڵگەو چێژ وەرنەگرتن لەخزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان، وەك: فێرکردنو چارەسەرکردنو کار، یان بڵاوبوونەوەی بێکاریو کەمی هەلی کار، یان قەیرانی ئابووریيو نزمبوونەوەی داهاتی تاکەکان، کۆی ئەمانە هۆکاری گیروگرفتو

کێشەیە، کە سەردەکێشیٚ بۆ ئەوەی دواجار بەخراپە بشکێتەوەو دووچاری تاوانو گریٚو گۆلەیان بکات.

5- پەیڕەو نەکردنی ئیسلام لەو وولاتانەی کە زۆرینەیان مسولمانن‌و دانانی یاسا دانراوەکان (الوضعية) لەشوێنی ئەو یاسایانەی شەریعەتدا کەوا هەمیشە بەرژەوەندی بەندەکانی خودای ویستووە لە فەراهەمبوونی دادپەروەری کۆمەلایەتی بۆ مسولمانان‌و تەنانەت لەهەمبەر ئەوانەش کەدێنە ژێر سایەو سێبەری ئیسلام، خودایی گەورە دەفەرموێت:( **لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ** ) **فصلت**:42).

6- حەزی خۆسەپاندن‌و ئارەزووی سنگ دەرپەڕاندن، کە وا لەهەندیٚ سەرکەشان دەکات ئاژاوەو پشێوی بنێنەوەو ئاسایشی ولات تێك‌و پێك بدەن، ئەمەش تەنها لەبەر هێنانە کایەی ئامانجە گلاوەکانیانەو بەبیٚ گەڕانەوە بۆ هیچ شەرع‌و سیستەم‌و پەیمانێك.

**<u>پێنجەم</u>: کاریگەریەکانی ئیرهاب:**

بێگومان ئیرهاب دژایەتی کردنە لەهەمبەر دەروون‌و مال‌و ریٚگری‌و ترساندنی خەلکی بێتاوانە، تەنانەت دژایەتی دیینە، بەڕادەیەك وای لیٚدیٚت هەندیٚ وا بڕوا بکەن کە ئایین خوێن‌و مالی خەلکی حەلال دەکاو گفتوگۆ پەرچەداتەوەو قەبوولی چارەسەرکردنی کێشەکان ناکات بە ڕێگەی ئاشتەوایی، بەهەمان چەشن وا دەڕوانرێتە مسولمانان کەوا

کەسانێکی خوێن ڕێژنو دەبنە هۆی ترسو دڵە ڕاوکێ بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتیو بەها شارستانیەکانو مافی مرۆڤ، کەبێگومان ئەمانە دەبێتە هۆی زیانو خەراپەیەك کەوا لەبەرژەوەندی ئاسایشی گەلی مسوڵمان ڕەنگدەداتەوەو لەهەمان کاتدا زیان بە پەیوەندیی مسوڵمانان دەگەیەنێ لەڕووی ڕامیاریو ئابوریو بازرگانیو ڕۆشنبیریو کومەڵایەتی لەگەڵ گەلانی دیکەدا، جا ئەو کەسانە هاووڵاتی بن لەئەو دەوڵەتەدا، یان هاتبن بۆ مەبەستی بازرگانیو خوێندن و گەشت کردن یان وەك سەفیر یان بۆ بەشداری کردن لەکۆنگرەیەکدا هاتبن لەناوەندێکی نێودەوڵەتیەوە.

**شەشەم: حوکمی شەرعی لەکارە ئیرهابیەکاندا لەکاولکردنو هەڕەشەو تەقاندنەوەکادا:**

کارە ئیرهابیە کاولکەرەکان لەتەقاندنەوەی بارهەڵگرو پردەکانو ئوتومبێل بەخەڵکە بێتاوانە مسوڵمان و یان نامسوڵمانەکان، بێجگە لەوانەش ئەوانەی بەپێی کارنامەو پەیمانی نێودەوڵەتی پەیمانیان لەسەرپەرشتیاری ئەوووڵاتە وەرگرتووە، هەروەها فراندنی فڕۆکەو تەقاندنەوەی شەمەندەفەرو کۆی هەموو هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندنو هەڕەشە کردن بۆ سەر ژیانی بەکارهێنەرەکانیانو ترساندنیانو ڕێ لێگرتنیانو نانەوەی ئاشووبو ئاژاوە لەنێوەندی مسوڵمانانداو هەموو ئەوانەش کەشاراوەنو لەم چەند دێڕەدا باسمان لێوە نەکردووە، ئەوا لەشەریعەتی ئیسلامدا لە گوناهە گەورەکان

حیسابی بۆدەکریٚو بەتاوانە قیٚزەوونە حەرامەکان هەژماردەکریٚن، گومانی تیٚدا نییە خودای مەزن بۆ ئەو کەسانەی کە: بەراستەوخۆ یا هاوبەشی نەخشە دادەڕیٚژنو لەڕووی ماددیەوە یارمەتی دەدریٚن ئیدی بەچەکیٚ یان بەهەر هاوکاریەکی دیکەو بەڕاگەیاندن برەویان پیٚدەدریٚتو ئەو کەسانەش ئەو جۆرە کارانە بەشتیٚکی جوانو ناوازە دەزانن، سزایەکی زۆر بە ئیٚشی بۆ ئەوانە داناوە لە شاربەدەرکرنیانو هەق کردنەوەی دادپەروەرانە لیٚیانو ئەوانەشی کەهەمان ڕیٚگە دەگرنە بەر دەگەیەنیٚ، خودا دەفەرمویٚت: (**إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ**) **المائدة:** 33).

**حەوتەم: هۆکارەکانی خۆپاریٚزی لە توندڕەویو ئەوکارە ئیرهابیو تیٚکدەرانەش کە لیٚوەی سەرچاوە دەگریٚت:**

1- پیٚشنیار بۆ لابردنی ئەو هۆکارانەی دەبیٚتە هۆی تاوانو، کارکردن بۆ چەسپاندنی حەقو لەناوبردنی بەتاڵو، حوکم کردن بەیاساو ڕیٚساکانی شەرعو جیٚبەجیٚکردنیان لەژیاندا، هیچ شەریعەتیٚك نییە چاکترو تەواوتربیٚ لە هیٚنانەدی بەرژەوەندی بەندەکانداو دوورخستنەوەی خراپە لیٚیانو بەسۆزترو دادپەروەرتربیٚ لەگەڵ بەندەکانی خودا، بیٚجگە لەشەریعەتی ئیسلام (**أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ**)**المائدة:**50).

2- ڕوونکردنەوەی ئەوزیانە گشتیو تایبەتیانەی کەوا دووچاری دەوڵەتو ئومەتو کۆمەڵگەو تاکەکان دەبێت بەهۆی توندوتیژیو تێکدانو رووخاندنەوە.
3- پەروەردەیەکی ووشیارانەو ئامانجگەرا کە لەلایەن کەسانی پسپۆڕو لێهاتوو شارەزاوە نەخشەی بۆ کێشرابێ، هەروەها دانانی پەیڕەوێکی کاراو ئاشکراو ئاسان بۆ هاتنەدی ئەو ئامانجە.
4- روونکردنەوەی زاراوە شەرعیەکانو پێداچونەوەو دارشتنەوەیان بەچەند ڕێسایەکی ڕوون و ئاسان، ئەوەش وەك: زاراوەی "جیهاد"و "دار الحرب"و "ولی الامر" کەوا چی پێویستەو دەبێت چی بۆ بکرێت، پەیمان بەستنو شێوازی بەستنیو چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی.
داواکارین لەخوای گەورە ولاّتی مسوڵمانان لەهەموو خراپەیەك بپارێزێت.

## بابەتی سێهەم

### کافر کردنو فاسقکردن

خودای گەورە پێغەمبەرەکەی بۆ کۆی مرۆڤایەتی بە رێنمایکەرو سۆزو بەزەیی ناردووە، هەروەها ئومەتەکەشی بەباشترین ئومەت ناوبردوە بۆ

خێرو بێری خەڵکیو بانگهێشت کردنیان بەداناییو ئارامی بۆ ڕێنمای کردنیانو خزمەتکردنو چەسپاندنی دادپەروەری لە نێوانیانداو بەرگری کردن لێیان بەباشترین ڕێگە.
بێگومان کافرکردنی ئەهلی ( قیبلە) لەپەیڕەوو پرۆگرامی ئەهلی سوننەو جەماعەتو پێشینە پیاوچاکەکان لەزانایانو عاریفاندا نییە، بەڵکو ئەوە پەیڕەوی خەواریجەکانە، ئەوانەی ئەهلی گوناهە گەورەکان بەکافر دادەنێن، وەك بەرپەچێك بۆ مورجیئە کە دان بەبێزیانی گوناهەکان لەگەڵ باوەڕدا دەنێن (گەورە بێ یا بچووك)، هەر یەك لەم دوو پەیڕەوە هەڵەیە، پێچەوانەی دەقەکانی قورئانو فەرمودەکانە، بەڵام ئەوەی کە دروستو بەجێیەو پێکاویەتی مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەتە، کەپشت بەکۆی هەموو دەقەکان دەبەستن، ئەویش ئەوەیە: ئەو باوەڕدارەی کە گوناهی گەورە ئەنجام دەدات  هاوبەشدانان نەبێ (خودا پەنامان بدات)  کافر نابێ، بەڵکو تاوانبارەو شیاویی سزایەو فەرمانی سزاکەشی دەکەوێتە سەر خودای گەورە بیدات یان نا، خودا دەفەرموێت( **إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا** ) **النساء** 116 ).
پێشەوا شەوکانی لەترسناکی کافرکردندا لە سەردەمی خۆیدا، لە پەرتووکەکەیدا بەناویی( السیل الجرار علی حدائق الأزهار)[8]

[8] واتە: لافاویی بەلێشاو بەسەر باخچە گوڵشەنەکاندا. وەرگێڕ

دەفەرمویت:" لیرەوە دەست دەکات بەهەلْرِشتنی جۆرەها دەستەواژەو دەست دەکات بەگریان بۆ ئیسلام ئەویش لەریگەی بەیانکردنی جۆریك لەرەگەز پەرستی بەرامبەر زۆرینەی مسولْمانان کەهەلْدەستیّ بەتەکفیر کردنیان، ئەمەش نەلەقورئان و نە لەفەرمودەو نەهیچ بەلْگەیەکدا هەیە کەلەخواوە هاتبیت، بەلْکو سەرچاوەکەی رەگەز پەرستیە، کە دروست کراوە لەناو ئاینەکەداو بەشیکە لە کەمینی شەیتان بۆ ناکۆکی خستنە نیوان مسولْمانان"

پیشەوا ئیبنو تەیمییە دەفەرمویت: " بۆ هیچ کەس رەوانییە کەیەکیکی دیکە لەمسولْمانان کافر بکا، با هەلْەو تاوانیشی هەبیت، تاوەکو شتی بەسەردا ساغ دەبیتەوە، کەسیك بەیەقین بروای بەئیسلام هینا، بەگومان لەخولگەی باوەرِ ناچیتە دەرەوەو ئەمەشی بەسەردا ناچەسپیّ تاکو بەبەلْگەوە بۆی روون نەکریتەوە" پیشەوا زەهەبیی لەکتیبی (سیر اعلام الموقعین29/84 ...) دەلْیت: " بۆچونیکی ئەشعەریەکانم دیوە پیی سەرسامبووم، کە نەگۆرِەو بەیهەقی گیرِاویەتیەوە، دەلْیت: لەباوکی حازمی عەبدەوییو زاهیری کورِی ئەحمەدی سەرخسییم بیستووە دەیوت: کاتیك دواساتەکانی ژیانی ئەبو حەسەنی ئەشعەری نزیکبووەوە لەمالْەکەمدا لەبەغداد، بانگیکردمو چوومە لای، ووتی: شاهیدیم بۆ بدە کەمن تا هەنووکە هیچ کەسیکی ئەهلی قبلەم کافر نەکردووە، چونکە هەموویان ئاماژە بۆ خودایەکی تاكو تەنهاو بیگەرد دەکەن، ئەوەش کەوتومە تەعبیر بوە لەجیاوازی بۆچونەکان، ووتم: بەم شیوەیە

دانیپیّدا دەنیّمو شاهیدم، هەروا بەم شیّوەیە بووە پیّشەوا ئیبنو تەیمییە لەدواساتەکانی ژیانیداو دەیفەرموو:" من هیچ کەس لە ئوممەتی ئیسلام تەکفیر ناکەم، دەیووت: پیّغەمبەری خودا(ﷺ)فەرموویەتی:" هیچ کەس پاریّزگاری لەسەر دەست نویّژ گرتن ناکات جگە لەو کەسە نەبیّت کە باوەڕدارە، هەرکەس بەدەست نویّژەوە بەردەوامبیّ لەسەر نویّژ ئەنجامدان ئەوە مسوڵمانە".

لەبەر ئەوە زانایانی پیّشینەو لیّکۆڵەرەوان لە دواییینەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەرکی بانگخوازەکانو پەیامەکەیان بریتییە لە:" بڵاوکردنەوەی بانگەواز بەدانایی‌و ئامۆژگاری باشەو بانگەواز  گەر هەبوو دەبیّت بەجوانترین شیّوە بیّت، خودا دەفەرمویّت(**وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ**) **فصلت** 34) هەروەها پیّویستە مامەڵەکردن بە نەرمیی‌و لەسەر خۆیی‌و پاكو بیّگەردو ئاکارە بەرزو باڵاکان بیّت، نەك بەکافرو فاسقکردنی یەکتر، بیّگومان ئەرکی بانگخوازان دەرکردنی حوکم نییە، بەڵکو دەرکردنی حوکم ئەرکی دادوەرانەو پاش هیّنانەوەی بەڵگەو بواردان بۆ بەرگریکردن بۆ گەیشتن بەو حوکمەی کەدەردەچیّت، ئیّمە بانگخوازین نەك دادوەر، چونکە بۆ هەموو جۆریّك کیّشانەو ڕیّساو دابو نەریتو قۆناغی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەو ئایەتانەی کە بەرپرسیاریّتی ئیّمە دەربارەی ئەوانی دیکە بەواجب دانانیّت، بەڵام پاش ئەوەی کە بانگخوازی خۆمان

جێبەجێکرد، هێندە زۆرە لە هەژمار نایەت بۆ نمونە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾**الغاشية**22، یان دەفەرموێت: ﴿ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ﴾**الكهف**29 دەفەرموێت ﴿فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفاً﴾**الكهف**6، هەروەها لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾**الأنعام** 107 ، لەلایەکی ترەوە زانایان یەکدەنگن لەوەدا کەدرووست نییە ئەهلی قیبلە کافر بکرێت، هەروەها دروست نییە کۆمەڵێکی مسوڵمان کافر بکرێت، یا تەنها کەسێکیش بێباوەڕبکرێت مەگەر بەڵگەو گەواهی ڕوونو ئاشکرا لەقورئانو فەرمایشتەکان کە هیچ لێگۆڕینێکو لێڵیەکی تێدا نەبێت ئەوکات دەتوانرێت کافر بکرێت، پێشەوا ئیبنو تەیمیە دەفەرموێت: " بۆ هیچ کەس ڕەوانییە کەیەکێکی دیکە لەمسوڵمانان کافر بکا، با هەڵەو تاوانیشی هەبێت، تاوەکو شتی بەسەردا ساغدەبێتەوە، هەر کەسێك ئیسلام بەسەریدا بەیەقین چەسپا، بەگومان لە بازنەی باوەڕ ناچێتە دەرەوە".

لەبەر ئەوە کۆڕی فیقهیو سەدان گەورە زاناو لێکۆڵەرەوان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی دروست نییە کەسێکی ئەهلی قیبلە بە کافرو بێباوەڕ دابنرێت، بەڵام گەر بەڵگەو گەواهیو ڕوونو ئاشکراو بێپێچو پەنا هەبوو دەیسەلماند کەلەسنووری ئیمان دەچێتە دەرەوە، ئەوا دروستە بەبێباوەڕ لەقەڵەم بدرێت. لەهەمان کاتدا دەستەی گەورە زانایانی

سعودییە دەربارەی ئازادی ئاینیو جائیز نەبونی تەکفیر کردنی یەکێك مەگەر بەچەند مەرجێکی قورس نەبێ، چەند بڕیارێکیان خستە ڕوو:

**أ- بڕیاری کۆمەڵی فیقهی ئیسلامیی دەولی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

والصلاة والسلام على رسول الله، وبعد:

کۆمەڵی فیقهی ئیسلامیی سەر بە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی گفتوگۆیان دەربارەی ڕەهەندەکانی ئازادیی ئایینیو ڕێساکانی لە ئیسلامدا بەئەنجام گەیاند، پاش گفتوگۆ لەبارەی ئەو بابەتانەی کەتێکەڵ کرابوون گەیشتنە ئەو بڕیارەی کەئازادی ئایینی دەبێت دەستەبەر بکرێت بۆ خەڵك، بەهیچ جۆرێك زۆر لەکەس ناکرێت بێتە ناو بازنەی ئیسلامەوە، جیاوازی (الخلاف) مەزهەبیو فیقهیی لەنێوان مسوڵمانانادا دروستو پەسەندە بەمەرجێ پێچەوانەی شتە چەسپاوەکان نەبێت لەئیسلامدا.

**ئەمەش دەقی بڕیاری کۆمەڵەکەیە:**

ئەنجومەنی کۆڕی فیقهی ئیسلامیی نێودەوڵەتی کەسەر بەڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامییە، لەخولیی نۆزدەیەمی کە لەوڵاتی ئیماراتیی عەرەبیی یەکگرتوو و لە مانگی 1-5 جەمادیی یەکەم ساڵیی 1430ك، کەڕێکەوتە لەهەمبەر بەرواریی 26-30 نیسانی 2009ز،

بەستراوەو دوابەدوای خوێندنەوەی ئەو توێژینەوانەی بۆ کۆمەڵەکە نێردرابوو، بەتایبەت بابەتیی ئازادیی ئایینی لەشەریعەتی ئیسلامیدا ڕەهەندەکانی‌و ڕێساکانی‌و پاش هەست کردنی کۆمەڵەکە بەپێویستی گفتوگۆ کردن لەبابەتی ئازادییە ئایینیەکان، گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل دەربارەی بابەتەکە کراو گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئازادیی ئاینی بنەمایەکی دانپیادانراوە لەشەریعەتی ئیسلامیدا، کەلە فیترەتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگریٚ‌و پەیوەستە بە بەرپرسیارێتیەوە لەئیسلامدا، کەچەندین ڕێسای هەیە لەشەریعەتی ئیسلامداو مەبەستەکەشی هاتنەدی و چەسپاندنی ریزە بۆ مرۆڤ.

**دووەم:** ئازادیی ئایینی زامنکراوە لەکۆمەڵگەداو پێویستە بپارێزریٚ لەهەموو ترس‌و بیرو ئایدۆلۆجیایەکی هاوردەو هەموو شێوەکانی داگیرکاری، ئاینی بێت یان نائاینی، ئامانجی تواندنەوەی ناسنامەی ئیسلامی ئەم ئوممەتە بێت.

**سێهەم:** بێگومان مسوڵمانان دەستیان گرتووە بە ئایەتی (لاإكراه فی الدين)و بەدرێژایی مێژووش پیادەی لێبوردەیی‌و قبوڵکردنی ئەوانی تریان کردوە کەلەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا ژیاون، لە تایبەتمەندیەکانیی ئیسلامیش ڕێزگرتنیەتی لەوانەی کە مسوڵمان نین، سەرەڕای بەپێویست زانینی ریگرتن لە دەستدرێژیکردنە سەر پەیامبەرەکەیی‌و پیرۆزییەکانیی.

**چوارەم:** فرە مەزهەبیی‌و فیقهی بارێکی ئاسایی‌و سروشتییەو، هاوکاری مسوڵمانان بەهۆی جیاوازیی مەزهەبیەوە ئەرکێکیی شەرعییەو قورئان‌و فەرموودەکان دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە، ئیسلام بانگەشەی خەڵکی دەکات بۆ یەکبونی باوەڕو یەکگرتنی‌و وتە ئەویش لەسەر بنەمای هاریکاری یەکتر لەسەر بنەمای ئەوەی کەلەسەری کۆکن، عوزر بۆ یەکتر بهێننەوە لەسەر ئەوەی کە جیاوازن.

**پێنجەم:** سنور دانانێك بۆ ئەو گومان‌و تۆمەتانەی کەبۆ ئەحکامە چەسپاوەکانی ئیسلام دەوترێت، کەگومان دەخاتە نێو کۆمەڵگەی مسوڵمانەوە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کارانە کێشەو ترس دەنێتەوە بۆ سەر دین‌و کۆمەڵگەو جەخت لەوە دەکاتەوە، هەروەها ئەو سنووردانانە دەبێتە هۆی بەرپەرچێك بۆ ئەو شێوازە ناپەسەندەی کە خاوەنەکانیان بەئازادیی ئایینی گۆشکراوون، ئەم کارەش دەبێتە هۆی پارێزگاری لە کۆمەڵگەو ئاسایشیی ئایینی‌و فیکریی‌و هەم ڕێگریەکیشە بۆ نامسوڵمانەکان تاوەکوو نەیقۆزنەوە.

**شەشەم:** فەتوادان بە لەدین هەڵگەڕانەوە یا کافر بوونیی کەسێك تەنها دەگەڕێنرێتەوە بۆ کەسانی زاناو شارەزا، لەگەڵ ئەوەدا زانایان بەمەرجی دەگرن کەتۆبە بکاو پەشیمان بێتەوەو گومانەکان لەسەر خۆی لاببات، بۆ ئەو کارەش ماوەیەکی پێ دەبەخشن تاوەکو تێیدا پەشیمان بێتەوە، ئەمەش تەنها لەبەر بەرژەوەندیی شەرعەو هیچی تر.

**حەوتەم:** بەئاشکرا پاشگەزبوونەوە لەئیسلام دەبێــتە مەترسی بۆ سەر یەك پارچەیی کۆمەڵگەی ئیسلامیو بێ باوەڕی مسوڵمانان، هەروەها هانی نا مسوڵمانو دووڕووەکان دەدات بۆ بەکارهێنانی وەك گومان کردن لەئیسلام، لەم ساتەدا خاوەنیی ئەو کارە تەنها لەلایەنی دادگاوە سزای پاشگەزبوونەوەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت، لەبەر دوورکەوتنەوە لە ترسناکیەکەیو پاراستنی کۆمەڵگە، ئەم حوکمەش هیچ دژایەتیەکیی لەگەڵ ئازادیی ئایینیدا نییە کە ئیسلام گرتوویەتیە خۆ لەبەرامبەر ئەو کەسانەی ڕێز لە هەستی ئایینیو بەهاکانی کۆمەڵگەو سیستەمی گشتیی دەگرن.

**لەکۆتایی دا پوختەکەی بەم ئامۆژگاریە دەردەبڕێت:**

داوا لە کاربەدەستە مسوڵمانەکان دەکات کە پێویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بێنێ لەوانەش: ئازادی بەرپرسیارانە، دابین کردنی خۆراكو شوێنی نیشتەجێ بوونو چارەسەرو فێرکردنو هەلی کارو کۆی ئەو پێداویستیانەی کە نەوەکان لە کاریگەرییە ماددیە تێکدەرەکان دەپارێزێ، هەروەها ئەو فکرانەش کەبۆ دژایەتی ئیسلام بەکاردێت.

**ب-بڕیاریی دەستەی گەورە زانایان ژ(239) لە 1431/4/27ك، کە باس لە حەرامی ئیرهابو هاوکاری نەکردنی دەکات، کە ئەمەش دەقەکەیەتی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين،وبعد:

دەستەی گەورە زانایان لەبیستەمین دانیشتنیی نائاسایدا(الإستثنائية) کە لەشاری ڕییاز لەبەرواری 25/4/1431ك، بەستراوە، ئاماژە بەو حوکمەی پێشووتر دەکاو چەندین بڕیارو ڕوونکردنەوەیان داوە کە گەندەڵکاران لەسەر ڕووی زەمین هەستاون بە تێکدانو پشێوی ئەمنو ئاسایشو پێشێلکردنی شتە حەرام کراوەکان لە وولاَتانی ئیسلامی، وەك بڕیاری ڕۆژی 12/1/1409ك، و ڕوونکردنەوەی ڕۆژی 22/6/1416ك. و ڕوونکردنەوەی ڕۆژی 13/2/1417ك. هەروەها ڕوونکردنەوەی ڕۆژی 14/6/ 1424ك.

لەڕاستیدا دەستەکە ڕوانیە حوکمی پاڵپشتی کردن لە ئیرهاب بەگوێرەی ئەوەی: کە ئیرهاب: ئامانجی پشێویو تێکدانی ئاسایشو تاوانە بەرامبەر دەروونو ماڵو سامانی تایبەتیو گشتی، وەك وێران کردنی خانوو و خوێندنگەو نەخۆشخانەو(المستشفى) کارگەو پردو فراندنی فڕۆکەو بەهەدەردانی سامانی گشتی دەوڵەت وەك بۆری نەوتو گازو، وێنەی ئەمانەش لەڕووی شەرعەوە حەرامەو قەدەخە کراون، هەروەها پاڵپشتی کردن لەئیرهاب هۆکاری مانەوەو بلاَوبوونەوەی پتریانە.

بەهەمان شێوە دەستەکە (الهيئة) تێڕوانینی خۆی دەربڕی بەرامبەر تاوانی پاڵپشتی کردن لەئیرهاب "تجريم تمويل الإرهاب" کە کۆی بەڵگەکان لە قورئانو فەموودەو ڕێسا شەرعیەکان سەرچاوەی گرتبوو

لەوانە فەرمایشتی خودا کە دەفەرمویت: ( **وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ** ) **المائدة** 2 )
هەروەها دەفەرمویت: ( **وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ* وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ** ) **البقرة**:204-205 ) ( **وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ** ) **الأعراف**: 56 ). لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە کە خەلیفە عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی (لعن الله من أوى محدثاً) واتە:" نەفرەتیی خودا لە کەسێك (بیدعە چیەك) پەنا دەدات" پێشەوا حافزی ئیبنو حەجەر لە(فتح الباری)دا دەفەرمویت:" بیدعە چیو پەنادەری لەتاواندا وەك یەكن" لەو ڕێسایانەی کەلەشەریعەتدا هاتووە دەڵێت: هۆکارەکان حوکمیی مەبەستەکانیان هەیە، لەبەرئەوەی لەشەریعەتدا فەرمان کراوە بەپاراستنی مافو پەیمان لە وولاتە مسوڵمانەکاندا.
لەبەر ئەمانە دەستەکە بڕیاریاندا بەوەی کە: پاڵپشتی کردن لە ئیرهاب کارێکی حەرامو تاوانێکە بەپێی شەرع سزا دەدرێت، ئیدی جیاوازی نییە بە پشتیوانی کردنیان بە ماڵ بێت یان کۆکردنەوەی بێت یان هاوبەشی بێت لەو کارەدا، سەرچاوەیەکی دارایی پەسەندبێ یاخوود ناپەسەند. هەروەها ئەو کەسەش هەستابێ بەوکارە ئەگەر زاناشبێ ئەوا

کەوتۆتە تاوانێکی حەرامەوە کە شایستەی تۆڵەو سزا وەرگرتنە لە بەرامبەریدا.

دەستەکە جەختی لەوە کردۆتەوە کە بەتاوان دانانی پشتیوانی لە ئیرهاب ئەو پاڵپشتییە خێریە ناگرێتەوە کەبایەخ بەبژێویی‌و چارەسەری فێرکردنی نەدارانو هەژاران دەدات، لەبەرئەوە مافێکی رەوای هەژارانە کە خودای گەورە لەسەر شانی دەوڵەمەندان دایناوە.

# بابەتی چوارەم

## پەیوەندیی مسوڵمانان لەتەك ئەوانی دیكەدا

كۆی دەقە شەرعیەكانی قورئانو فەرموودەو ژیانی پیرۆزی پەیامبەر ﴿ﷺ﴾و خەلیفە ڕاشیدەكان ئەوەمان پێدەڵێن كە ئیسلام ئامادەی هاوكارییە لەگەڵ هەموو لایەكدا، ئەوەش لەسەر بنەمای هەموو ئەو شتانەی كەوا خێرو چاكەو باشەو ئاسایشو ئارامیو هێمنی تێدابێت، تەنانەت خودای گەورە فەرمانی بە هەرەوەزی كردووە لەگەڵ (تاك بێ یا كۆمەڵێك یا دەوڵەتێك) هەوڵو كۆشش بۆ ئەم هەرەوەزییە دەداتو هەموو هاریكاریەك كەتاوانو ستەمو توندتیژیو خواردنی مافی بەرامبەری تێدابێ تەنانەت با لەگەڵ مسوڵمانانیشدا بێت حەرامو قەدەغەی كردووە، خودا دەفەرمویێت:( **وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ** ) المائدة 2 ).

قورئان ئاینی ئەوكەسە دیاری ناكات كەمامەڵەی لەگەڵدا دەكەیت، بەڵكو تەنها باس لەكایەی هاوكاریو پێكەوە ژیان دەكات. ئەگەر پەیوەندیەكە لەپێناو چاكەو باشەو ئاشتیو بەرژەوەندیەكی گشتیدا بێت ئەوە ڕێگە پێدراوە، بەڵام ئەگەر بۆ خراپەكاریو ستەمو ترساندنو توندوتیژی بێت ئەوە جائیز نیەو دەبێت خۆی لێ بەدوور بگرین.

دەقە شەرعیەكان مانای ئەوە دەدەن بەدەستەوە كەئیسلام دەیەوێت بازنەی پەیوەندیی چاكەو گفتوگۆ بەرفراوان بێ، كەبە بازنەی ئوممەتێكی ئیسلامی یەكگرتوو بەهێزی دادپەروەری ڕاوەستاو دەست

پێدەکات، کەلەسەر پەیڕەوێکی میانڕەوی بن تاوەکوو لەگەڵ بازنەی ئەهلی کیتاب لە یەهوودو مەسیحیەکان یەکدەگرنەوە، لەم بازنەیەدا قورئان ڕوونی کردۆتەوە کە مەسیحیەکان نزیکترن لە مسوڵمانانەوە دوابەدوای ئەوە بازنەکەی فراوانکردووە تاوەکوو کۆی مرۆڤایەتی بگرێتە خۆ، ئەوەش لەڕێگەی جەخت خستنە سەر هاوبەشە مرۆڤایەتیەکان، بەچەشنێك زۆر بەئاشکرا ڕوونی کردۆتەووە کە هەموومان نەوەی ئادەمین، کەوابوو ئەسڵەکە یەکێکەو ئەوانیش لە گڵن‌و هەریەکێ لەوانیش "فوویەکی خودایی بەبەردا کراوە"(**فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ**) **الحجر** 29) یان دەفەرمویت: (**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا**) **الإسرا** 70).

لەبەرئەوەی ئیسلام زۆر پێداگیری لەسەر ئەوە کردووە کە بازنەی گفتوگۆو پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەرفراوان بکات، تەنانەت با بێ باوەڕیش بێ، بەڵام هەر بانگیدەکاو زۆری لێدەکا تاوەکوو لەتەك مسوڵماناندا دانیشێ‌و حەقیقەتی بۆ ڕوونبکاتەوەو تێبگەیەنێ ئیتر با هەرکەسێك بێت بەڵام پێویستە گفتوگۆ کردنەکەی پێغەمبەر ﷺ ئاسا بێت بەشێوەیەکی نەرم تێبگەیەنێ‌و پێی بگەیەنێت، خودای گەورە دەفەرمویت: ﴿ **قُلْ مَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ * قُلْ لَا تُسْأَلُونَ عَمَّا**

أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ .( سبأ 24-25 ) واتە:" بێژە؛ ئێمەو ئێوەش یا لەرێگەی راست و چاکەین یا لەگومڕاییەکی ئاشکرادایین...

ئەم شێوازە لە گفتوگۆکردنە ئەوپەڕی پێداگری ئیسلام دەگەیەنێ بۆ ئەوەی بەرامبەر بگاتە حەقیقەت، بەڕادەیەك بۆی هەیە مسوڵمانان وەسف بکرێ بە تاوانکار لەبەرئەوەی کەوا لە بەرامبەر دەکات رایدەکێشێ بۆ سەر مێزی گفتوگۆ.

بەڕادەیەك ئەوەی بەووردو درشتی ڕوانیبێتیە پەرتووکەکانی ژیانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بۆی دەردەکەوێ چەندە بێباوەڕان ستەمو ئازارو ئەشکەنجەی پێغەمبەریان﴿ﷺ﴾ داوە، تەنانەت دانی پیرۆزیان شکاندووە، منداڵانیان هاندەدا تاوەکوو بەردی تێ بگرن هەموو کەس ئەو نەهامەتیەی کەبەسەر خۆشەویستی خودا ﴿ﷺ﴾هاتووە خوێندۆتەوە کەلە شاری تائیف بەسەریدا هێنایان، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش دەیفەرموو (( اللهم اهد قومی فإنهم لایعلمون)) ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر خۆشیان نەهاتن نەوەکانیان روبکەنە ئیسلام.

بەپێی ئەوەی باسمان لێوە کرد، ئیسلام چەند بنەمایەکی فیکری باوەڕیی داناوە بۆ قەبووڵکردنی ئەوانیدیکە پێکەوە ژیانیان بەئاشتی لەسەر بنەمای دادپەروەری‌و یەکسانی مافی هاونیشتمانیان، لەوانە:

1- دان نان بەجیاوازیی ئایینەکان‌و سروشتیان، بێگومان ئەمەش سوننەتی خودایی گەورەیە لەدروسکراوەکانیدا.

2- ئەسڵ لەئیسلامدا ئاشتیە نەك جەنگ.

3- داننان بەجیاوازی ئاینو بۆچونەکاندا، ئەمەش سوننەتێکی خوایە لەدروستکراوەکانیدا.

4- لەئیسلامدا گفتوگۆو لەیەکتر گەیشتن ئەسڵە نەك ململانێو ناکۆکی

5- ئیسلام پاڵنانو بەرگریکردنو هاریکاریی لەبەرگریکردندا بەشێوەیەکی چاك بەپێویست دەزانێت.

**6-ئیسلام داندەنێت بەمافی مرۆڤدا (ئیتر هەرکەسێك بێت)و پارێزگاری لەمافو ئازادیەکانیشی دەکات.**

بەڵام پەیوەندی کەمایەتییە مسوڵمانەکان بەدەوڵەتە نامسوڵمانەکەیەوە پێویستە لەسەر بنەمای دادپەروەری وخێرو چاکە بێت، بەچەشنی حەزرەتی یوسف( دروودی خودای لێ بێت)، بەڕادەیەك ئەوان لەبەندیخانەی میسردا بەستەمو دژایەتی بەندیان کرد کەچی ئەو نەخشەی دادەڕێژا بۆ ئەوەی میسر ڕزگار بکات، کاتێك دەریان کرد داوای کرد کەخۆی سەروکاری ئەو نەخشە ڕێگایە بکاتو ببێت بەوەزیر، ئەوەبوو ئەو هەموو خزمەتە باشەی بەگەلێك کرد کە نەگەلی خۆیبوو نەنیشتمانیی خۆشی بوو، چونکە ئەو خەڵکی (کەنعان) بوو.

پێویستە ڕێز لەیاساکانی ئەو ولأتە کەمسوڵمانی تێدا دەژی بگیرێت، مادەم لەگەڵ دەقی قەتعیدا ناکۆکی نەبێت، بەڵام ئەگەر یاساکە پێچەوانەبوو، ئەوا نابێت جێبەجێی بکا، بەڵام لەهەمان کاتدا درووست نییە کە ئاژاوەو پشێویی بنێتەوە، گومانی تێدا نییە هاوەڵانی

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾کاتێك چوونە حەبەشە هیچ پروپاگەندەیەکیان بۆ سیستەمەکە دروست نەکرد سەرپێچیی هیچ یاسایەکیان نەکردو ئاسایشی وڵاتیان تێکنەدا، بەڵکو سەرباری ئەوانەش پارێزگاریان لەدینەکەی خۆیان کردو دەستیان پێوە گرت، بەیەکتاپەرستی خودای خۆیان دەپەرست، هەروەها لەچواچێوەی دراوسێیەتی لەژێر سایەی ئیسلامدا ژیانیان بەسەر دەبرد، حەدیسی (فدیك) دادەبڕێ بەسەر ئەو کەمایەتیە مسوڵمانەدا کە بەیهەقیی دەیگێڕێتەوەو ئەمە دەقەکەیەتیی:" ئەی فودەیك نوێژەکانت بکەو زەکات بدەو کۆچ بکە لەنێو تاوان بۆ هەر شوێنێ کەدەتەوێت"

گومانی تێدا نییە مسوڵمانان داوایان لێدەکرێ کەوا مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بەباشترینو بەئاکارێکی جوان ئەنجام بدەن وەك دەفەرموێت:" وقولوا للناس حسنا" پێغەمبەری خودا﴿ﷺ﴾دەفەرموێت:" مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە بە ئاکارێکی جوانو پەسەند" (ترمزی)

ئیسلام ئایینێکە بۆ هەموو جیهان، بەڵکو رەحمەتێکە بۆ هەموویان، کەوابوو پێویستە مامەڵەکە بەشێوازێکی چاكو باشو داناییو ئامۆژگاری باشە بێت، گفتوگۆیەك بێت بەباشترین شێوە وەك ئەوەی خودای گەورە فەرمانیکردووە، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ئیسلام بڵاونابێتەوە بەئاکارو کردەوەی جوانو پەسەند نەبێت.

# بابەتی پێنجەم

## ئەركی ئێمە بەرامبەر توندڕەوەكان

كاتێك لەفیكری ئەو توندڕەوانە دەكۆڵینەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی كەئەو توندڕەویەیان بەهۆی قوڵنەبوونەوەیانە لە فیقهی ئیسلامیو ئامانجە گشتیەكان، بەهۆی دیكتاتۆریو ئەو ستەمەوە بووە كەوا لەبەندیخانەكاندا دووچاریان بووە، كە گومانی تیێدا نییە بیری كافركردنی یەكتر لەبەندیخانەكانی جەمال عەبدوناسرەوە لەساڵانی پەنجاو شەستەكاندا سەریهەڵدا، بەڕادەیەك هەندێك لە گەنجە بەندكراوەكان بەهۆی توڕەییو دڵڕەقی ئەو كاربەدەستانەوە دووچاری سزایەكی زۆر سەخت هاتن، كە ئەو خوێن مژانە گاڵتەو گەپیان بە پیرۆزیەكانی دیین دەكرد[10]، پاشان توندڕەوی لەنێوەندی بەندیخانەكاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبوو، تاوای لیّ هات مامۆستا حەسەن هوزەیبی ڕابەری برایان كە بەندكرابوو لەگەڵ ئەواندا، بۆ بەرپەچی ئەوان پەرتوكێكی دانا بەناوی (بانگخوازان نەك دادوەران) واتە:" ئێمە

---

[10] بەڕادەیەك ووتاربیێژیی بەناوبانگی میسری عەبدولحەمیدی كوشك لەیەكێك لەووتارەكانیدا دەیگێڕێتەوە كە: كاتێك سزای ڕۆحی ((سەید قوتب)) یان دەدا( خودای لیێڕازیبێت)، دەیان هێنایە بەردەم پەنجەرەی یەكێك لەبەندیخانەكانو لەزستانێكی ساردو سڕدا بەبەر چاویەوە تەفسیرەكەی كە ((في ظلال القرآن))ە، دەیان سووتاندو خۆیان لەبەریدا گەرم دەكردەوە. وەرگێڕ

بانگخوازین"  کەوابوو پیشەی ئێمە بانگکردنی خەڵکییە بۆ سەر ئەم ئایینە بەدانایی‌و نەرمی‌و بەزەییهاتنەوە بەخەڵکیدا، ئێمە وەك پزیشکەکانین لەچارەسەر کردنی بیمارەکانیاندا، بەڵام دادوەران پیشەیان دوای بەڵگەو گەواهی، تەنها حوکمدانە.

هەروەها چەندین هۆکاری دیکە هەن کە بریتییە لە ستەمی کۆمەڵایەتی‌و نەداریی‌و بێکاری، لەهەمان کاتدا گەندەڵ‌و گەندەڵیکاران دەبینیت نازو نیعمەتی ئەم گەلە ستەم دیدە خێر لەخۆنەدیوە دەخۆن‌و تەخشان‌و پەخشان بە داهاتەکەیەوە دەکەن.

کەوابوو ئەگەر بمانەوێ ئەم کێشەیە هەر لەبنەڕەتدا چارەسەر بکەین ئەوا پێویستە پێشەکیی چارەسەری فیکری دوای ڕامیاری‌و پاشان ئابوریی بکەین.

کاتێك خەواریج بەهۆیی مەسەلە" حوکمدان" وە دەرکەوتن، لە زەمانیی پێشەوا عەلی(خودای لێڕازیبێت)  یەکسەر هاوەڵی بەڕێزو زانای ئوممەت‌و وەرگێڕی قورئانی بۆ ناردن کە ئیبن‌و عەباسە، ئەویش مشت‌ومڕی لەگەڵکردن‌و لەنێوانیاندا گفتوگۆیەکی ئیجگار زۆر ڕوویدا بەڕادەیەك بەڵگەکان ئەوەندە بەهێز بوون کە دڵ‌و مێشکەکانی سەراسیما دەکردو پێی ووتن: (ماذا تنقمون من علي؟) واتە :" چ ڕەخنەیەکتان لەعەلی هەیە*؟"ووتیان:" سێ ڕەخنەمان لێی هەیە، یەکەم: ئەوەیە کەوا لەجیاتی خودا چەند پیاوکی کردۆتە حاکم، خوداش دەفەرموێت: ﴿إن الحكم إلا لله﴾. دووەم: جەنگ دەکاو دوایی لە

جەنگاوەرەکان نەکەنیزەك وەردەگرێو نە غەنیمەش، ئەگەر بێباوەڕ بن ئەوا ماڵو سامانیان بۆ ئەو حەڵاڵە ئەگەر باوەڕداریش بن ئەوا خوێنیان حەرامە، سێهەم: ئەوەیە کەوا لەکاتی داوەریدا ئامادەیە سیفەتی ئەمیری مسوڵمانان دارنێ لەخۆی، لەبەر وەڵامی دوژمنانی، ئەگەر ئەمیری باوەڕداران نەبێ کەوایە ئەمیری بێباوەڕانە.

ئیبنو عەبباس دەستی کرد بە بەدرۆخستنەوەی ئەوانەو، فەرمووی:" ئێوە دەڵێن: پیاوی کردۆتە حەکەم لە بینی خوادا ، جا چی تیایە؟! خودای گەورە دەفەرموێك: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا لِيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللَّهُ عَمَّا سَلَفَ وَمَنْ عَادَ فَيَنْتَقِمُ اللَّهُ مِنْهُ وَاللَّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ**﴾ **المائدة:95**. سوێنتان دەدەم بەخوا، پیاو بکرێتە حەکەم بۆئەوەی خوێنی مسوڵمان نەڕژێ حەقو باشە، یاخوود حوکم کردن لە کەروێشکێکدا کە بایی یەك درهەمە؟!، پاشان دەڵێن:" جەنگی کردوەو نەکەنیزەکی وەرگرتووە نە غەنیمەش، کەنیزەك واتە: ئەوان دەیان ووت بۆ ((تەڵحەو زوبەیرو عائیشە))ی وەرنەگرتووەو دەستی بەسەردا نەگرتوون، چونکە لەو سەردەمەدا واباوبووە، ئیبنو عەبباس فەرمووی: ئایا ئێوە دەتانەوێ عائیشە کەدایکیی باوەڕدارانەو حەرەمیی پێغەمبەری خودایە ﴿ﷺ﴾بکات بەکەنیزەك، تەڵحەو زوبەیریش بکا بەغەنیمە"؟!

ئێوە دەڵێن: ئەو ئامادە بوە کەوا سیفەتی ئەمیری باوەڕداران لەخۆی کاتەوە تاوەکوو مەسەلەی تەحکیم کۆتایی پێبێت، گوێ بگرن تاوەکوو بزانن پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾چی کردووە لەڕۆژیی حودەیبییەدا، کاتێك وویستیان ئەو پەیمانە بنووسن کەوا لەنێوان ئەو و قورەیشدا درابوو، فەرمووی بەنوسەرەکە:" ئەمەیە کەوا پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾حوکمی لەسەر دەکا". بەڵام نوێنەری قورەیش ووتی:" گەر بمان زانیایە ئەتۆ پێغەمبەری خودای ڕێگەی کەعبەمان لێنەدەگرتیو جەنگمان لەتەکا نەدەکردی، بنوسە: پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾فەرمووی پێیان:" سوێند بەخوا من پێغەمبەری خودام با ئێوە بەدرۆشەوە بیلێن" پاشان فەرمووی بە نوسەری لاپەڕەکە:" ئەوەی ئەوان ئارەزووی دەکەن بینووسە، ئەمەیە کەموحەممەدی کوڕی عەبوڵڵا قەزاوەتی لەسەر دەکا.

ئەم گفتوگۆیە لەنێوان ئیبنو عەبباسو خەواریجدا درێژەی کێشا بەڕادەیەك مشتومڕەکە کۆتایی نەهات هەتا سێ یا چوار هەزار باوەڕیان هێناو لەنەیاری پێشەوا عەلی خودای لێڕازیبێت هاتنە دەرەوە.

کەوابوو پێویستەلەسەر زانایان کەوا نەرم بن لەگەل لاوانو هەرلەجاری یەکەمدا حوکم نەدەن بەسەریاندا بەدەرچوو لەسنووری ئیسلام، بەڵکو پێویستە لەسەریان دانیشتنو گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، تەنانەت لەم سەردەمەی ئێمەدا، کاتێك هەندێ لەکۆمەڵە توندڕەوەکان لەنێوجەرگەی بەندیخانەکانی سزاداندا دەرکەوتن شێخ حەسەن هوزەیبی ڕێگریی لێکردن بەپەرتووکی "دعاة لاقضاة" دوابەدوای ئەوە زۆرێك

پاشگەزبوونەوە، هەروەها کاتێك زۆرێك لەجیهادییەکان لەسەردەمیی "ساداتدا" خرانە بەندیخانەوە، هەندێ لەو کەڵە زانایانەی کە خاوەنی متمانەن وەك: شێخ موحەممەد غەزالیی‌و شێخ موحەممەد موتەوللیی شەعراویی، گفتوگۆیان لەگەڵ کردن‌و زۆرێکیان هاتنە سەر قسەکەیان، پاشان ئەوانیش پێداچوونەوەیەکیان بەخۆیاندا کردەوەو بەبێ پەردە پاشگەزبوونەوەی خۆیان نووسی‌و ڕوونیان کردەوە ئەوە بەهۆی تێنەگەیشتن و نارۆشنیەوە بووە، سوپاس بۆ خودا گەڕانەوە مەیدانی فیکرو سیاسەت‌و ڕۆڵێکی ئێجگار قەشەنگیان بینی لەدوای راپەڕینە جەماوەریەکەوە.

بەڵام چارەسەری سیاسی پێویستی بە ئازادییەکی تەواوو ڕاوێژ هەیە واتە: دیموکراتی لەئامرازەکانی کارکردنداو مامەڵە کردن لەگەڵیاندا بەنەرم‌و نیانی‌و لێبووردەیی‌و دادپەروەری‌و یەکسانی خودای مەزن بەپێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾فەرمووە( **وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ) آل عمران** 159 ) ئەزمونەکان سەلماندویانە کە هەمیشە توندڕەوی لەسایەی دیکتاتۆری‌و ستەمدا پەرەدەسێنێ‌و گەشەدەکا.

بەڵام چارەسەری ئابوریی دەکرێت لەدابین کردنی هەلی کاری گونجاوو کەم کردنەوەی هەژاری‌و بێکاری‌و هەڵاوسانی ئابوریدا خۆی دەبینێتەوە.

بەڵام ئەرکی دەوڵەتانی نا مسوڵمان لەبەرامبەر کەمینە مسوڵمانەکاندا ئەوەیە کەوا دان بەئایینەکەیاندا بنێن کەئیسلامە، هەوڵی دروست کردنی ئەنجومەنێکی ئیسلامی لە زانایانی خاوەن

متمانە بدەن بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەو مەرجەعیان، لەگەڵ ئەوەشدا کاریان بۆ ئاسان بکەن تاوەکوو بخوێنن‌و لەخوێندنگەو زانکۆکانیدا درێژە بەخوێندن بدەن‌و رێگە بدەن بەبوونی خوێندنی ئیسلامی تیایاندا، هەروەها رێگە بەزانایانی متمانە پێکراو بدەن بۆ ئەوەی ئیسلامێکی راست‌و رەوان و میانڕەو بگەیەنن‌و رێگەش لەوە بگرن کەهێرش بکرێتە سەر پیرۆزیەکانی ئیسلام‌و ئەمەش بۆ رێگرتن لەدروست بوونی گرفت‌و پشێوی لەنێو کۆمەڵگادا

بەکورتی پێویستە لەسەر دەوڵەت کە نەخشەیەکی کاری هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان ئەویش بەیارمەتی‌و هاریکاری زانایان‌و کۆمەڵە ئیسلامیەکان.

# بابەتی شەشەم

## جێنشینیی (الخلافة)

مەبەست بەجێنشینی بەو کەسە دەوترێت کەسیاسەتی وولاَتو خەڵکەکە بەڕێوە دەبات لە ژێر ڕۆشنایی حوکمو جیهانبینی ئیسلامیدا، ئەمە کارێکە لە ولاَتە ئیسلامیەکاندا بوونی هەیە، بەڵام بەمەرجێ دووچاری خراپەی گەورەتر نەبن، بەڵکو ئەمەش لەڕێگەی پەروەردەکردنو ئامادەگی گەلەکانەوە دەبێت، بەڵام لە وولاَتە نامسوڵمانەکاندا بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامیی نەگونجاوەو دوورە لەفەراهەم بوونی ئەم داواکارییە، کە کەمیینە ئەو داوایەی لێناکرێ، بەڵکو هەندێ حوکم وەك (حەددەکان) لەووڵاتە نامسوڵمانەکاندا جێبەجێ ناکرێ.

لێرەدا ئەرکی کەمیینە ئیسلامیەکان پارێزگاریە لە بیروباوەڕو ئاکاروبەهاو یەکتاپەرستیان، هەروەها هاوکاری کردنە لەگەڵ حکومەتو گەلدا بۆ فەراهەمهێنانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەسەر بنەمای یەکسانیو دادپەروەریو پێکەوە ژیانێکی ئیجابی ئەرێنی کە دووربێ لەتوانەوەو(الإنصهار)گرنگیدان بەنەوەی داهاتوو لەڕێگەی پەروەردەو بانگخوازیو خوێندنگەو دانیشگاکانەوە دەتوانرێت بایەخی زیاتر بدرێت بەنەوەکانی داهاتوو.

بەڵام ئەگەر هاتوو کەمینەکە خاوەنی ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی یا کۆماریی بوو، ئەوە کارێکی باش‌و پەسەندەو پێویستە لەسەر خەڵکەکەی بەگوێرەی توانا ئەوەی ئایینەکەیان داوای دەکات جێبەجێی بکەن‌و هەروەها پارێزگاری بکەن لەو بەڵگەنامانەی کەتایبەتە بەدەوڵەتەوە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت( **إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ** ) **الأنفال** 72.

بێگومان شۆڕشە سەرکەوتوەکانی بەهاری عەرەبیی لە(تونس‌و میسرو یەمەن‌و پاشان مەغریب) دەریخست کە کۆمەڵە توندڕەوەکان کەزۆرێك خەڵکیان شەل‌و پەت کردو لێیان کوشتن بەبیانووی پەیڕەوکردنی حوکمی خودای گەورە، دواجار شکستیان هێنا لەبەدیهاتنی ئامانجەکانیان، بەڵام ئەو کۆمەڵەی کە کاریگەر بوون بە بانگەوازیی ڕاستەقینەی خوایی توانی زۆر شت بگۆڕێ‌و زۆرێکیش چاکسازی بکات، بۆیە داوا لە نەوەکانمان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێ حوکمی ئیسلام بکرێتە پرۆگرام‌و بەرنامە با پەند لەم وانە وەرگرن‌و بگەڕێنەوە بۆ پەروەردەو بونیادنانەوەی کۆمەڵگە، خودای گەورە دەربارەی توندوتیژی‌و زۆرکردن لە کەسانی بەرامبەردا دەفەرموێت: ( **لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ** ) **البقرة** 256 ). دەربارەیی بەخشینی ئازادیش دەفەرموێت: ( **وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا** ) **الكهف** 29 ). کەوابوو بانگیان

دەکەین بۆ لانکەو کۆشی گەلەکەیان بۆکاری چاكو پڕبەرهەم (**وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ**) **التوبة** 105).

## بابەتی حەوتەم

### خۆشەویستی و دوورە پەرێزیی( ولاءو بەراء )

زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئان وەرگرتنی ووشەی وەلائیان دووبارە کردۆتەوە، جاری واهەیە بەواتای پشت هەڵکردن هاتووە (الأعراض) (**وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَإِنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ**)**التغابن** 12)، هەروەها بەواتای هاوڕیەتیو یارمەتیو بیروباوەڕو کارگرتنەدەستو هاونشینی (التوالی) هاتووە، کەوابوو نابێت حوکمەکەشی یەك حوکم بێت، پێویستە لەسەر باوەڕدار کەوەلائەکەی بەواتای باوەڕو خۆشەویستیو یارمەتی بێت لەلایەن خودای گەورەوە، هەروەها بەمانای خۆشەویستیو یارمەتی بێت بۆ مسوڵمانان، لەڕاستیدا وەلائی حەرام سێ جۆرە:

1-خۆشەویستی غەیری خودای گەورە واتە: باوەڕنەبوون بەخوداو خۆشنەویستنی هەموو شتێك کە مرۆڤ بباتە بازنەی بێباوەڕیەوە، کەوابوو بەگوێرەی ئەم مانایە بێت (وةلاء)ی واتای بێباوەڕی دەگەیەنێ.

2-دڵسۆزیو ئینتیما بۆ نامسوڵمان بەسەر مسوڵماندا، بەوەی کە باوەڕیان وابێ کە ئایینەکانی دیکە باشترن؛ ئەوە مرۆڤی پێدەردەچێ

لەئیجماع، چونکە ئەوە کارێکی بێباوەڕی ترسناکە، بەپێی ئەم دوو جۆرە لە ئایەتەکانی خودای گەورە وا تێدەگەین کە مرۆڤ بێ باوەڕ دەکات، خودای گەورە دەفەرمویت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾المائدة51.

3-خۆشحاڵی دەربڕین بەسەرکەوتنی نامسوڵمان بەسەر مسوڵماندا، بەبیانووی بەرژەوەندی کەسێتی یان خۆشویستنیان لەڕووی گەندەڵیو تاوانەوە کەپێشەوا (فەخرەدینی ڕازی) بەم چەشنە ڕاڤەی ئایەتی سورەتی(الممتحنة)ی کردووە، واتە: ئەگەر نەچێتە ژێر ڕکێفی جۆری دووەمەوە، ئەوا بەحەرام دادەنرێ، بەڵام پێی کافر نابێ، چیرۆکی( حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە) هەمان ئەم واتایە دەگرێتەوە کەباسمان کرد، چونکە (حاتەب) نامەیەکی ناردە لای خەڵکی مەککەو پێی ڕاگەیاندبوون؛ کە پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ بەنیازە فەتحی مەککە بکات، کەئەم کارەی بەتەواوی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾بوو، لەهەمان کاتدا حوکمی کافربوونی دانەبڕی بەسەریدا، چونکە رابردووی تکاکاری بوو بۆ ئەوەی سزانەدرێ، بۆیە زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی، کەسیخوڕی بۆ نامسوڵمانان مرۆڤی پێی بێباوەڕ نابێ، بەڵام گوناهێکی گەلێك گەورەی ئەنجام داوە، هەر دەچێتە ریزی ئەو کەسانەی کەخۆشەویستی بۆ کەسێك دەردەبڕێت کەدوژمنی خواو پێغەمبەرەکەیەتی کەوا جەنگ لەتەك خوداو پێغەمبەری خودا

﴿ﷺ﴾و باوەڕداراندا ڕادەگەیەنێ (**لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**) **المجادلة** 22) لەم ئایەتەدا خۆشەویستی یاساغکراو ئەوەیە کەوا ئەوانەت خۆشبوێ کە سنووری خوداو پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾دەبەزێنن (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَنْ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِنْ كُنْتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنْتُمْ وَمَنْ يَفْعَلْهُ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ**) **الممتحنة** 1) لەم ئایەتەیاندا تایبەتی کردووە بەو دوژمنەی کەشاربەدەریان دەکات، کەوابوو ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەوا خۆشەویستیەکی ئاساییان لەلایەن نامسوڵمانەکانەوە بۆکەسانی ناموحاریب هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەدروستە، کچێکی جولەکە یان مەسیحی مارە بکەن، بەڵام بەمەرجێ بۆ پێکەوەنانی خێزان بێت (**وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ**) **الروم** 21. هەروەها بەجێهێنانی سیلەی ڕەحم کەوا مەبەستە، خۆشەویستی کەسە نزیکەکان ویلایەتی گرێبەستو مامەڵەکان هەروەها گرتنە دەستی وەزارەت لەسایەی دەوڵەتێکی نامسوڵماندا درووستە چونکە پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) خۆی داوای کردووە (**قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ**

عَلِيمٌ) **يوسف** 55) تەنانەت زانایان دانیان ناوە بەوەدا کە دروستە سەردانی نەخۆشیان بکرێت وەك چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ یەهودیەکی نەخۆشدا کردی‌و دڵیشی دەدایەوە. هەروەها پیرۆزبایی لێکردنیان‌و سەرەخۆشی لێکردنیان هەروەك ئیبن تەیمیە لەهەڵبژاردە فیقهیەکانیدا باسی دەکات، لەلاپەڕە 615 لقی4/221و کەسانی تریش لەخاوەن مەزهەبە فیقهیەکان.

بەڵام "براء" لەزمانەوانیدا بەواتای خۆ بێبەری کردن‌و دورکەوتنەوە لەشتێك  هەروەها بەچەندین واتای دیکەش دێت (**بَرَاءَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدْتُمْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ**) **التوبة** 1).

شاراوەنییە کەبڵاوبوونەوەی زاراوەی (الولاء والبراء)و برەودان پێی لەپەیڕەوی خەواریجەکانە، چونکە پشتگیری خۆشەویستی خۆیان بۆ هەندێ هاوەڵ دەردەبڕی‌و خۆیان لەهەندێکی دیکە دوورەپەرێز دەگرت، وەك عەلی کوڕی ئەبوتالیب( خودای لێڕازیبێت)، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەمبەل دەفەرموێت:" وەلاء بیدعە داهێنراوەو بەرائیش بەهە مان شێوە " (خیلال، لەپەرتووکی سوننەدا گێڕاویەتی (2/479).

**<u>بەراء:</u>** لەقورئانی پیرۆزدا بەواتای ئاگادارکردنەوەو پشتهەڵکردن هاتووە، وەك لەسورەتی (البراءە)دا باسی لێوەدەکات، یاخوود لەکردەوەکانیدا بەو واتایە هاتووە، وەك پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:" خودایە من بەریم لەو ڕەفتارەی دووجار خالید کردوویەتی.( البخاری) چونکە کۆمەڵێك لەوانەی کوشت کە ووتیان

بووین بەسائیبە، پێش ئەوەی مەبەستی خۆیانی بۆدەربڕن. فتح الباری (182-181/23)

**کورتە:** ڕاگەیاندنی بەرائەتە بۆ کۆمەڵێك لەخەڵکی پەیڕەوی ئەهلی پێشینەکان نییە، بەهەمان شێوە بەرائەت کارێکی عەقیدەییەو پەیوەندی بە باوەڕەوە هەیە، یا لایەنێکی جێبەجێکردنە لەلایەن پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)یا واتای بەخێوکەر (ولی الأمر) دەگەیەنێ کەوا لەڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوهاوبەشدانەرانە دەکا کەپەیوەست نەبوون بەپەیمانو کارنامەکانیانەوەو هەستاوون بەشاربەدەرکردنی پێغەمبەری خودا(ﷺ)پیلانیان دژی گێڕا، لەبەر ئەوەی ئیسلام پەرتەوازەکەن، بەوچەشنەی لەسورەتی (التوبة) دا ئاماژەی پێدەکات.

**ڕاسپاردەکان:**

دوابەدوای ئەم نمایشە کورتەو پاش ئاگاداربوون لەبڕیارەکانی کۆمەڵەی فیقهی، ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1- بەهێز کردنی ڕۆڵی زانایانو فەقیهـ و بانگخوازو دامەزراوە زانستیە گشتیەکان کەتایبەتمەندی لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریو بەرەورووبونەوەی ئیرهاب و چارەسەری هۆکارەکانی.

2- بانگهێشت کردنی هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ووردبینی لەنمایشکردنی ڕاپۆرتەکانیو گواستنەوەی بۆهەواڵو ڕای گشتی بەتایبەت لەودۆزانەی پەیوەندی بەئیرهابەوە هەیە، بەشێوەیەك

پەیوەندی ئیرهاب بەئیسلامەوە دوور بخەنەوە، چونکە ئیرهاب لەلایەن هەندێك خاوەن ئایینو کولتوری دیکەوە ڕوویان داوەو بەردەوامیش ڕوودەدات.

3- بانگهێشت کردنی دەزگا زانستیو فێرکارییەکان بۆدەرخستنی ئیسلام بەشێوەیەکی پرشنگدار، کەداوای چەسپاندنی بەهاکانی لێبووردەییو خۆشەویستیو بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ ئەوی ترداو هاوکاری لەسەر چاکە لەخۆدەگرێ..

4- بانگهێشت کردنی وەزارەتی ئەوقافوکاروباریی ئیسلامی لەولاَتە ئیسلامیەکان و کۆی وەزارەتەکانی ئەوقافو دەزگا ئیسلامیەکان، بەڕێوەبەرایەتیە ئایینیەکان بۆگرنگیدانو بەردەوامی خستنەگەڕی توانستیان بۆئەم بابەتە، ئەویش لەدوای بەستنی چەندین کۆڕی تایبەتو ووتاری چڕوپڕو (المحاضرات المكثفة) چاوپێکەوتنی زانستی درێژخایەن بۆڕوونکردنەوەی چوارچێوەی حوکمە شەرعیەکان دەربارەی ڕیشەکێش کردنو یاساغ کردنی کاری ئیرهاب ، پەلە کردن لەدۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی شەرعیی بەرفراوان کە ڕوومالّی کۆی لایەنەکانی ئەم مەسەلەیە بکات...

5- بانگهێشت کردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چڕکردنەوەی هەولّەکانی بۆ ڕێگەگرتنو بەربەست لەبەردەم ئیرهابداو هەماهەنگی نێودەولّەتی لەڕیشەکێشکردنی ئیرهاب، هەروەها کارکردن بۆ دانانی

پێوەرێکی نێودەوڵەتی یەکگرتوو بۆ حوکمدان بەسەر ئیرهابدا بەپێوەرێکی دیاری کراو.

6- بانگهێشت کردنی دەوڵەتو حکومەتەکانی جیهان بۆ ئەوەی دان بەئیسلامدا بنێن، کەئایینێکی ئاسمانیەو بەرەحمەت بۆ هەموو جیهان دابەزیوە، یەکەمین کاریان بکەن بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو دەست هەڵگرتن لە داگیرکردنی دەوڵەتانی ترو، رێگرتنی مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان، هەروەها پەیوەندیەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای هاوسەنگیو ئاشتی و دادپەروەری بنیات بنێن.

7- بانگهێشت کردنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ دووبارە چاوخشاندن بە پڕۆگرامەکانی خوێندندا بۆ ئەوەی ئەو ڕوانینە خراپەی دەربارەی ئاینی ئیسلام هەیانە برەوێتەوە، هەروەها قەدەغەکردنی ئەو کارو فەرمانانەی کە دەبێتە هۆی ناشیرین کردنی ئیسلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، ئەمەش بە جەخت کردنەوە لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو گفتوگۆو رێگرتن لەکلتوری رق لێبونەوەو دوژمنایەتی دەبێت.

8-بانگهێشت کردنی حکومەتی ڕووسیاو حکومەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە بۆئەوەی زیاتر هەوڵو تەقالاو پاڵپشتی مادیو مەعنەوی بخەنە گەڕ بۆ فەراهەمهێنانی ئەم پەیوەندییە، بەهەمان شێوە تێکەڵکردنێکی ئەرێنی لەنێوان ئەوانو کەمایەتیە ئیسلامیەکاندا هەبێت؛ بۆ ئەوەی ببێتە نمونەیەك لەپێکەوە ژیانی ئاشتیانەو هاوکاریو

بنیاتنان، هاوکاری یەکتر بکەن لەدروست کردنی شارستانیەتیێکی ئیسلامی رۆژهەلاّتی بەرفراوان.

**کۆتایی:** ئەوەی لەم کارنامەیەدا باسمان کرد، کورتەی پوختەیەك بوو لە چەندان بەلّگەی هەژمارنەکراو لەکیتابو سوننەو کۆدەنگی زانایانو قیاسو بڕیارەکانی کۆمەلّەی فیقهیو کۆنگرەو کۆڕەکانە، کەوا ئەخوازێ لە مسولّمانان دەستبەرداری نەبنو لەڕێگەی پێشەنگیەکی پاكو بەهایەکی گەورەو بەرزو ئاکاری جوانەوە کەهەموو کەسێك پێویستی پێیەتی ڕەنگبداتەوە، بێگومان هەموو کەسێکی بەویژدان لەگەلان دەلّێن:" ئەم قەیرانە داراییو ڕامیاریو ڕۆحیو کۆمەلاّیەتیانە زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانێکی ئەخلاقی و بەهایی مەعنەوی، کەوابوو ئیسلام توانای هەیە هەموو ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوەو هاوسەنگی لەنێوان داواکاریەکانی جەستەو ڕۆحو ئاوەزو دلّو دەروندا فەراهەم بهێنێت، ئەویش لەرێگەی گێڕانەوەی ماف بۆ هەموو خاوەن مافێك. وەك پێغەمبەری خودا لەفەرمایشتێکی پیرۆزدا دەفەرمویت:"دەبێت هەموو خاوەن مافیێ، مافی تەواوی خۆی پێبدرێ" هاوەلّی بەڕێز (( سەلمان)) دەیگێڕێتەوە، (متفق علیه).

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت | ژ |
|---|---|---|
| 4-3 | پێشەکی | 1 |
| 6-5 | ئەم کتێبە بۆچی؟ | 2 |
| 8-7 | ئیسلام هاتووە بە خێرو بەزەیی و شیفا بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی | 3 |
| 12-9 | ئەم کارنامەیە بۆ؟ | 4 |
| 34-13 | بابەتی یەکەم: چەمکی جیهادو ئایەتی شمشێر | 5 |
| 50-35 | بابەتی دووەم: ئیرهاب(تیرۆر) | 6 |
| 61-51 | بابەتی سێیەم: کافرکردن و فاسق کردن | 7 |
| 68-63 | بابەتی چوارەم: پەیوەندی مسوڵمانان لەتەك ئەوانی دیکەدا | 8 |
| 74-69 | بابەتی پێنجەم: ئەرکی ئێمە بەرامبەر توندڕەوەکان | 9 |
| 76-75 | بابەتی شەشەم: جێنشینی(خلافة) | 10 |
| 85-77 | بابەتی حەوتەم:خۆشەویستی و دوورە پەرێزی(وەلاء بەرء) | 11 |